بۆچی حکومەتی هەرێم، بەردەوامە لە تەخریبی عێراق؟ بۆچی مافی بارزانیی، ناتوانن عێراقیی بن؟!.. کامیار سابیر

راستییەکی سیاسیی و دیفاکتۆیەکی واقیعیی هەیە کە حکومەتی هەرێم، ڕەگ بە واتای دەسەڵاتدارەتیی مافی بارزانیی دەت، بە شراکەتەکی زۆر کەمی مافی تاڵەبانییەوە. حکومەتە یەک لە دوای یەککانی هەرێم و ئەمڕۆی مەسرور بارزانییش(کە ماوەی بەسەرچووە)، زۆر بە تایبەتتریش، لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ەوە کە بەهاوکاریی صەدام و سوپاکەی ئەم هەژموونگرایییان، جێکەوت کردووە، جگە لە هەژموونی سیاسیی و ئابووریی و عەسکەریی و ئەمنیی بنەماڵەکەی خۆیان، لە دوور و نزیکەوە پەوەندییان بە داخوازییەکانی گەلی کوردەوە نییە، هەروەها جگە لە سەلبیاتی سیاسیی و ئابووریی و ئەمنیی بە خێکی کوردستانی عێراق بە تایبەتیی و بە کوردانی کوردستانکانی ئێران و تورکیا و سوریاش بەگشتیی، ڕەی ئیجابییان نەبووە.

ئەوەی ناویان نا پرۆژەی سەربەخۆیی ئابووریی کە منداڵەکی وریاش ئۆزان، تەخریبی ئابووریی بوو، بە هاندانی موخابەراتی ئیقلیمیی(تورکیا بە تایبەتیی) لەگەڵ هەندە لەبیی تانکاریی و کەمپانیای وەهمیی وەاتانی تر، چارەنووسی خێکی کوردستانی عێراقیان بە گشتیی و مووچەخۆرانی هەرێمیان بەتایبەتیی، بەمشوێنە گەیاند. مەعلومە رائیدی ئەم فشەلە سیاسیی و ئابووریە، نێچیرڤان بارزانیی بوو، بە پشتیوانیی مامی(مەسعود بارزانیی) بناغەکەی دانا. ئەم پرۆژە جەهەنەمییە، دەیەیەک زیاترە، تەواوی خێکی کوردستان و چارەنووسی نزیک بە پێنج میلیۆن مرۆڤی هەرەمی لەپە خست و تەواوی خێکەکەی زەلیل و سەرگەردان و بێکەرامەت کرد و بێکاریی و هەژاریی و بێپارەیی و بەموچەیی! ئاکامەکەیەتی، ئەمە لە کاتێکدایە بنەماڵەکەی خۆیان خاوەنی صەدان میلیار دۆلارن و هەر منداڵکار و موراهیقێکی سیاسییان بگریت خاوەنی چەندین میلیار دۆلاری دزراوی خێکی کوردستانن و ژیانیان لە ژیانی میلیاردێرە ئەمەریکیی و چینیی و روسیی و ئەوروپیی و خەلیجییەکان، ئەچێت.

ئایا مەسرور بارزانیی و باوکی، ئەیانەوێ ئەمە راست بکەنەوە؟ نەک

لەبەر خەڵکی کوردستان و عێراق، بەڵکو لەبەر مانەوە و ئیستیقراری سیاسیی و ئەمنیی دەسەڵاتکەی خۆیان، بە تایبەتیی کە فشەڵەکان، بە ئاسانیی ئەیانتوانی بەسەر نەچیرقانیدا بهێنن و بە بەردەک، دوو چەلەکە بکوژن و درێژە بە سەڵتەنەتی سیاسیی و میلیشیایی و هەژموونی ئابووریی و سوڵتەی خەزانیی باوک و کوڕە بدەن، بەڵام ناتوانن بیکەن؟ یان ڕێگەیان پێنادرێ نەوتی هەرێمی کوردستان، تەسلیمی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بکەنەوە! بۆچی؟ ئەم نووسینە لەو هۆکار و فاکتەرە سیاسیی و ئابووریانە، ڕزگار ئەبێتەوە کە وەکو کەت لە گەردنی ماڵی بارزانیی ئاڵاون!.

1. بیزنس و سەرمایەگوزاریی و پارەپەیداکردن، سروشتکی هەیە، ئەبە بەها ئەخلاقیی و پرەنسیپییەکان تەنانەت پرەنسیپە کەمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریییەکانیش، لەبەرچاو نەگریت و وەکو ئەژدیهایەکی برسیی، پێی هەموو شتێک بدەیت. لەڕدا بیزنسە گەورەکەی ماڵی بارزانیی، ئەو سامانە زەرە صەدان میلیارد دۆلارییەیە کە لەماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا بەگشتیی و لە دوای ڕووخانی ڕژەمی صەدامەوە بەتایبەتیی، لەگەڵی کوردستانی عێراقیان، دزییوە.

ئەم پارە زەرە، بەشکی بە شێوەی سییولە و بە فەرمی بیزنس و کەمپانیا و عەقارات و دراوی ئەلیکترەنیی و ...تاد، لەناو سیستەمی سویفتی غەربییدا لە وڵاتانی وەکو تورکیا، خەلیج، ئاسیا و وڵاتانی غەربییدا، خراونەتە کارەوە، سیستەمی سویفتیش، یانی ئەمەریکا و ئیسرائیل، کەنترەڵی تەواویان کردووە و بگرە ئەشزانن لە کوێن و لەچییدا بەگەڵ خراون؟

مەعلومیشە، هەر سیاسییەک لەم دونیایەدا، پارە و سامانکەی لەلایەن وڵاتانی تر و موخابەراتی وڵاتانی ئیقلیمیی و جیهانییەوە، کەنترەڵ کرابێت، پشتئەوەی ببە بە پرەکسی ی ئەوان، ئەبێت بە پرەکسیی پارەکان و پرۆژەکانی خۆی و تەواوی ئیرادە و ئەخلاق و ئایندەی بەدەست پارەکان و خاوەنی ڕاستەقینەی پارەکانەوە، ئەبە. هاوزەمان، ئەمانە وەکو میلیشیا، فڕی دزیی و چەتەگەریی بوونە و نایانەوە، پارە و ئابووریی و کەنترەڵکردنی ژیانی خەڵکیان لە بەرنەبێتەوە و لە بەغدادەوە ئیدارەی کوردستان بدرێت.

2. مەرشایمەر John Mearsheimer کە خۆی بە ڕاشناڵیست ئەزانێ و

سەر بە مەدرەسەی راشناڵیزم(عەقڵانییەت)، پێیوایە وەک ئەوەی ئەمریکا ئەبێ ئیسرائیل بپارێزێ و داکۆکیی لێ بکات، بەڵام بەرژەوەندیی interest ئەمریکا و ئیسرائیل، زۆرجار بەریەکئەکەون و ترەمپ تەنیا سەرکەوتووی ئەمریکادا، بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلی بەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا داوە. لەردا رەنگی ئسرائیل بگشتیی و حکومەتی نەتەنیاهۆ بتایبەتیی ئەوەیە کە ناوچەکە بە پارچەپارچەیی و شەڕی قەومیی و طائیفیی و میلیشیا و گرووپە جەراوجەرەکانەوە مەشغوڵ بکات و حەز بە (ئیستیقراری سوریا و عێراق)بە تایبەتیی ناکەن. ڕەنگ بە پێچەوانەوە، ئەمریکا، بە بەرژەوەندییە ستراتیژیی و عەسکەرییەکانی، بە تایبەتیی لە عێراقدا، ئیستیقراری ئەوێت.

هاوکات، تورکیاش، حەز بە ئیستیقراری عێراق ناکات، وەک ئەوەی طەماع و طموحی سیاسیی و ئابووریی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و کەرکووک و موصڵ، بە تایبەتیی هەیە. سەرەڕای ئەوەی زۆرینەش موستەفید بووە لەو چەتەگەریە ئابووریەی ماڵی بارزانیی و تاڵەبانیی کە بەموبارەکی نوخبە نێژادیی و طائیفییەکانی کورد، دەستیان پێکرد، تا ئەستایش درێژەی هەیە.

3. ئەوەی ئەگوترێ کە تەمەودی ئیلولی سەرەتای شەستەکان دژی عەبدولکەریم قاسم، کلیلەکە موخابەراتییەکەی بە دەستی مەساد و ساواکی شا و سی ئای ئەمریکییەوە بووە، حەماسی توڕەبوون و روئیەی شاعیرانە نییە، بەڵکو فاکتی مێژووین! ئەم کلیلە موخابەراتییە تا ئەستایشی لەگەڵدا بێت، ماڵی بارزانیی کەنترۆڵ کردووە. تەنیا شتەک گۆڕابێت لە جەگەی (ساواکی پشوو و ئیطلاعاتی ئەستا) ی ئێران، میتی تورکیا جەگەی گرتووە! دەی زەربەی هەرە زۆری سەروەت و سامانی ماڵی بارزانیی لەژێر کەنترۆڵی موخابەراتی تورکیی و ئیسرائیلیی و ئەمریکییەدایە و لە ناو سیستەمی بانکیی سویفتدایە!

لەسەردەمی ترامپدا، ئیسرائیل لە ڕەگەی لەبیی ئیپاکەوە AIPAC ، توانیویەتی شیعارە حەماسییەکانی ترامپ و ماگا MAGA (Make America Great Again)، بە تەواویی کەنترۆڵ بکات. کەیسی پە لە فەضاحەتی جەفری ئیپستین، بە رادیەک ترەمپی کەنترۆڵ کردووە کە جورئەتی نەکرد، مەلەفی تەرکردنی جەن کەندی کەشف بکات و بەاوی

بکاتەوە، لە کاتێکدا لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا، شیعاری سەرەکیی بوو. کەواتە، ئەمریکای ئیدارەی ترەمپ، ناتوانێ ڕێگریی لە سیاسەتەکانی حکومەتەکەی نەتانیاهۆ، لە عێراق و سوریادا بکات. ئەمە بە ئێرانیش، دروستە. بە لێبری دانان، ماڵی بارزانیی ئێبە بەردەوام بن لە جێکەوتکردنی ئەجێندا‌کانی ئیسرائیل بە پلەی یەکەم و تورکیا بە پلەی دووەم، چونکە پارە دزراوەکانی خەڵکی کوردستان، لەلایەن ئەوانەوە کەنترەڵ کراوە. بە واتایەکی دەقیقتر ئێبە بەردەوام لە دژی عێراق، لە تەخریب و لە تەمەووددا بن.

4. گرنگترییەن خاڵێک لە ڕووی سیاسیی و کەمەایەتییەوە، بە تایبەتییش لە جوغزی ئابووریی و بەرژەوەندیی و ئیستیقراری بنەماڵە شەخنشیینییەکیان، ئەویە کە بڕچی ماڵی بارزانیی ناتوانن عێراقیی بن؟! ئەتوانن لەگەڵ موخابەراتی شەیطانیی هەموو دونیادا دەست تێکەڵ بکەن، بەرژەوەندییەکانی ئێران، تورکیا، ئیسرائیل، وڵاتانی خەلیج و ئوردن، ئەمریکا و ڕوسیا و چین لەبەرچاوئگرن، تەنانەت لەگەڵ هەرێ بەعثییە عوروبییە فاشیێکاندا کە زەربیان لە هەولێرن، تەحالوف دژی حکومەتی عێراق بەڕئەخەن و خەریکی پیلانگێڕین، بەڵام بە درێژایی یەک سەدە زیاترە، دژایەتیی دەوڵەتی عێراق و خەڵکی عێراق و پێکەوژیانی هارمەنیی ئەکەن و هەمیشە فاکتەری ناسەقامگییریی بوونە؟!

زەر دوور نەبین، لە سەردەمی عەبدولسەلام بارزانیی دووەمەوە لە کەتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، لە پەناوی دەستکەوتە شەخصیی و بنەماڵەیی و ناوچەییەکانی خەیاندا، بە تایبەتیی بە ئەوەی باج بە عوثمانییەکان نەدەن، جاروبار لەگەڵ خەلافەتی عوثمانییەکاندا بەیەکدا هەڵپژاون و بە ئیعدامی عەبدولسەلام و هەندە لە هاوەڵکانی، کەتایی بە تەمەوددکانیان هێنرا. ئەوەی جێگەی سەرنجە، بنەماڵەی بارزانیی ئێستا ماوەی سێ دەیە زیاترە باشترین هاوکاریی تورکیای ئەردۆغانیی و پشتر تورکیای کەمالیستییان کردووە دژ بە عێراق و دژ بە کوردەکانی تورکیا(پەکەکە). هاوکات، وەک ئەوەی ڕژەمەکەی صەدام، بەشکی زەری بارزانییەکانی لە قەشتەپەوە، بسەروشوێن کرد، بەڵام ماڵی بارزانیی لە ئێستادا، حەلیفی ستراتیژیی پاشماوەی بەعثییە عوروبییە صەدامییە بارزانییکوژەکانن.

وەکو شایستەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، مافی ئێوب بارزانیی و ئەدهەم بارزانیی، ئەبووایە کۆنترۆڵی سیاسیی هەژموونی مافی بارزانییان بدەستەوە بووایە، بەڵام بە زەبری تۆندوتیژیی و کولتووری تفەنگچییەتیی، دوای شێخ ئەحمەد بارزانیی، مەلا موصطەفای بارزانیی، بوو بە قائیدی ئەوحەدی ناسیۆنالیزمی کوردیی، ئەم هەژموونپەیدا کردن، بەشکی گەورەی بەهای خەباتیی مونەوەرە نەژادیپەکانی سلێمانیی و هەولێر و کەرکوکەوە بوو کە کاتی خۆی، بەیعەتیان داوەتە. ئەویش لە چلەکانەوە تا ئێستا خۆی و کوڕەزا و کوڕەزاکانی، باشترین تیجارەت و مارکێتینگ و سەرمایەگوزاریی، بە چەتەگەریی کوردایەتییەوە ئەکەن.

ئەو هاندانەی موصطەفا بارزانیی (بەهاوکاریی تاڵەبانیی و برایم ئەحمەد) بە گۆچکەکردن بە نیشتمانییترین سیاسیی عێراق(زەعیم عەبدولکەریم قاسم) کە بە تەحالوف لەگەڵ بەعثییەکان و عوروبییە ناصریپەکاندا بوو، بە دەعمی راستەوخۆی موخابەراتی غەربیی و ئیسرائیلیی، بە ئەوەی قاسم، لابەرن، سەرەنجام سەرکەوتوو بوون. دواتر ئەم گۆچکەانە بە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق درێژەی هەبوو، بەتایبەتییش ئەوەی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا کرا، لەگەڵ نوریی مالیکیشدا، کرا.

هەروەها، بە دەستەپشتدانی موخابەراتی ئێرانیی، ئیسرائیلیی، بریتانیی و ئەمەریکیی و تورکیی، تا ئێستایش هەر ئەم موخابەراتە جێراوجێرانە، بە بەرژەوەندیی خۆیان، ئەم حکومەتە خەزانیی و بنەماڵەییە ئەپارێزن و وەکو خەنجەرێک بەردەوام لەسەر سەروەریی عێراق و پێکەوەژیانی عێراقییەکان و شوناسی عێراقییبوونی خەڵکی کوردستان، وەستاوە و ناوبەناو لەژێر ناوی بیزنسی کوردایەتییدا، راوئەوشێنرێت.

سەرەنجام، عێراق نابێت ئیستیقرار بێت و نابێت خۆشگوزەرانیی تێدا بێت، ئەم هەموو دزیی و گزییەی مافی بارزانیی (بەشەراکەتی مافی تاڵەبانیی) لە قاچاغچییەتی نەوت و شاردنەوەی داهاتی حکومەتی هەرێمدا ئەیکەن، بە ریعایەی موخابەراتی جێراوجێری ناوچەکە و جیهانییە، مافی بارزانیی، باشترین خزمەتێک بەو دەسگایانە ئەکەن کە نابێ عێراق سەقامگیریی بخەیەوە ببینێت و لەبەرامبەریشدا، برسیکردنی بەردەوامی خەڵکی هەرێمی کوردستان، باشترین بیزنس بە ئەوان کە سامانە زەرەکانیان لە هەندەران، پارەزراو ئەبێت و لەناوەوەش بەردەوام ئەبن لە دزیینی سامانی نیشتمانیی عێراقییەکان(بە خەڵکی کوردستانی عێراقییشەوە).

هاوکات، ئاماژە بەوەش بدرێ، لە ناو هێزە سیاسییە عێراقییەکاندا، هێزێکی نیشتمانیی و عەقڵانی نییە(بە هێزە عەرەبییە سوننییەکان و شیعەکانیشەوە) کە تێجاوزی عوقدەی نەژادیی و طائیفیی، بەتەواویی کردبێت و لەبری گوتاری فاشییانەی قەومیی و طائیفیی، گوتارێکی نیشتمانیی وهاووڵاتیی و عێراقیی، بە تەواوی عێراق بگشتیی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتیی، بگۆڕێ بخەن و گوتارێ بەتاکەکەی مافی بارزانیی، فس بکەنەوە، بەڵکو ئەوانیش بە پەپۆلیزمی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی، سوود لە عونجوهیاتەکانی مافی بارزانیی ئەبیینن و بەهەموو لایەک، خەریکی تەخریبی عێراقن، بگرە لە دزییەکانیشدا کەم تا زۆر شەریکن.

کامیار سابیر

بەکورتی25: گوتنی نەگوتراو... بەدەنگییش نەگوتراو لەخۆدەگرێت.. ئازاد حەمە

گوتنی نەگوتراو to say the unspoken ، کە توخمی بەدەنگی لەخۆدا مەناسەدات، ئەو گوزارەیە، کە جارێ نەبووەتە گوتن، یان لە قسەکردندا هێشتا گەنەکراوە و دەرنەبڕاوە. گوتراوە نەگوتراوەکان (گەنەکراوەکان) ئەگەرچی ناڕاستەوخۆ هەست بە گوتنییان دەکرێت، بەڵام راستەوخۆ لە گوتندا ئامادەنیین و نەبوونەتە بابەتی دانپێدانان و جێختکردن. ئەمەو گوتن نەبێت دەستواژە لەدایکنابێت، یان بەزیادبوونی نەگوتراوەکان دەستواژەکان هوو لە کەمیی دەنێن. سەرەتا دەخوازین ئەوە بڵێین،کە کاتێک گوتن دەکەوێتە لەوارێ نەگوتنەوە، نەگوتراوەکان دەشێت بارگرانییبن بەسەر ناخمان،زەرکاتیش هەوڵی خستنەدەرەویان دەدەین، لە فشارەکان هەندە جەراوجەر و قورسن ناتوانن بنەدەر و ببنە گوتراو. شیاوی هەڵوەستەلەسەرکردنیشە، دەستگرتن بە نەگوتراوەکانەوە ئازایەتی دەوێت. هەموو کەس ناتوانێت ببێتە خاوەنی نەگوتراوی خۆی. چونکە گوتن(چەنەبازیی)هەندە زەر بووە بەزاریی و وەسبوونی

دروستکردووە.
لەژێر تیشکی ئەو گفتوگۆیانەی لایسەرەوە دەپرسیین:گوتنی نەگوتراوthe unsaid جیاوازی چییە لە گوتنی گوتراو؟ گوتنی نەگوتراو ئەو نەگوتراوانە نین، نەسواو و نادووبارەن؟ گوتنی نەگوتراو لە پەیوەندییەدایە بە بەدەنگییەوە؟چەنیەتی گوتنی نەگوتراو سەرنجراکێش نییە؟نەگوتراوەکانی ژن هاوشێوەی نەگوتراوەکانی پیاون؟هەندێک شت باشتر نییە هەر بەنەگوتراوی بمێنێتەوە؟ جا تاکەی؟ نەگوتراوەکان بارگرانیی دەروونی و هەستییمان بەدروستناکەن؟ئەو شتە چییە،کە شتێک دەکاتە نەگوتراو؟ گوتنی نەگوتراو Dire le non-dit چییە؟ گوتنێکە هێشتا لەرووی زمانەوانییەوە پێکنەهاتووە؛ نەبووەتە گوتن، ئەو قسەیە نەکراوە. ماویەتی بگاتە قۆناغی بینیین و بیستن؛ یان لەدەرەوەی دیار و ووندایە. هاوکات سەرەتای نەگوتراو ئەوەیە،کە کاتێک باس لە شتێک دەکەین،کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بە وشە نەخراوەتەروو.
تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگادارین، گوتنی نەگوتراو سانا نییە؛گوتنیشی هێل و مەرجی دەوێت. زەرجاریش دەز گوتنی نەگوتراو دەسەپێنێت. بەنموونە""هەستی دەرنەبڕاو، چاوەڕوانییە فەرامۆشکراوەکان، یان ناکۆکییە شاراوەکان دەتوانن وشەی نەگوتراو دروست بکەن"".
بەواتایەکی دیکە، نەگوتراوەکان یاخود دەرنەبڕاوەکان، لەڕێ یان لەوە بەرەکیانگرتووین و بووشنەتە دەردەسەری و مایەی چەشتنی ئازار. بەیە بەردەوام ناحاڵیبوون یان دڵەڕاوکێ و دڵشکاوێک لە پشت نەدرکانی گوتنەوەیە. ئەمەش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە،کە نەگوتراو پەماندووەت دەستاتنەبوونێک لە هەمبەر نەگوتنی شتێک، کە دەبوو بگوترایە بوونی هەیە.
وەڵامەکەی، گەڵەکجار نەگوتراوەکان بەرهەمی دروستنەبوونی دەرفەتن بۆ گوتن، لە دەخێکی وەهادا کە کاتێکی زەر بەسەر نەگوتراوەکاندا تێدەپەڕێت ئیدی گوتنیشیان هێندە بەهادارنابێت. ئەمە بۆ خانمان بوجەرە نییە.چونکە نەگوتراوەکانی ژن کەمتەر لە چاو پیاو. پشدەچێت بەپێی کولتورەکان نەگوتراوەکانی ژن هەمان فەرمی زمانەوانی نەگوتراوەکانی پیاوی نەبێت.
هەرکە نەگوتراوەکان بوونە گوتراو دەشێت ئێم نەگوتراوانە پەلێک نیگەرانییشمانبۆبنن، بەڵام پێبردن بە نەگوتراوەکانی کەسێک مەرجنییە لە شوێنی خۆیدا بێت.ەنگە نەگوتراوەکانی بەمانا و پووچبن و هەرگیزیش امان نەچەکنن. لەبەرئەوە هەزی حاشا هەنگری نەگوتراو ئەو دەمە ئاشکرادەبێت، کە پەیوستمان بە

ئاشنابوونە بە ناواخنی نەگوتراوەکان(نەنووسراوەکان) .
پەیامە نەگوتراوەکان دەتوانن هەمابن بە زەر شتی درکپێنەکراو،وەکیتر ئاشنابوون یان دانپێدانان بە نەگوتراوەکان ئازاربەخشیان تیایە.ئەوش لەسەر پاشخانی نەگوتراوەکان وەستاوە.هەندێک لە نەگوتراوەکان هەڤەواوی مەینەتی ژیان و دەردێکی کوشندەی ئەویندارییان رووداوێکی ڕحیی ناپەسەندن بۆیە گوتنییان برین دروستدەکات و هەڵگرتنیشیان هەر ئازاربەخشە.
سەرەنجام دەڵێن: گوتنی نەگوتراو لە قەناغی شاردنەوە، بەدەنگبوونداید. گوتنێکە ئاشکرانەبووە، ڕەنگە هەکار زەربن،کە گوتنێک نەبووتە گوتراو؛ ترس لە گوتن، مەیل بە نەگوتن و بەنهێنیکردنی گوتن و...تاد. لەڕێگای هەندێک کردار، ڕەفتار و زمانی جەستە و تەنی دەنگەوە دەکرێت درکبەوبکەین،کە هەندێک شت هەیە لەو گفتوگۆیەدا هەشت نەگوتراوە.زەرجاریش ڕێگای جەراوجەر دەگیرێتەبەر تا نەگوتراو گەکرێت، وەک: گەینی بابەت، دەزینەوەی سەرباسیتر بگوتن، لادان لەوەی قسەی تیادەکرێت... .واتە هەندێک نەگوتراو بە ئەنقەست کراوەتە نەگوتراو.
بە تیشک خستنە سەر هەکارەکانی نەگوتنی گوتراوەکان لەڕەدا هەر هەندە دەڵێن، کە ترسی کەسەکە لە گوتنی ئەوەی دەخوازێت بێت، هەست بەشەرمەزاریکردن لەئاست ئەوەی نیازخوازە بێت و نایێت، ئەوش کە لەناخەوە پەستە و ناخوازێت بێتەگۆ. سەرباریئەوە، لەکاتی هەڕچووندا ئەوەی، کە دەبوو بگوترێت جارە نەگوتراوە و زەرجاریش گوتنی نەگوتراو دەچێتە خانەی نەگوتنی شتە هەستیارەکانەوە؛ هەستیار بەمانای سیاسیی، کولتووریی و کەمەڵایەتیی.
ڤیتگنشتاین پێیوابوو"زمان سنووری هەیە و هەندێک لایەنی ئەزموون، بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە مانا و بەها و ڕەچاوکردنی ڕووشتییەوە هەیە، ناتوانرێت بە تەواوی لە ڕێگەی زمانەوە دەربببڕێن"". ئەمە خانەی نەگوتراوەکان پێکدەنێت. هەروەها درککردن بە پەیامە نەگوتراوەکان هاوکارماندەبن زەر قسەنەکەین، زەر نەپرسیین. بەنموونە دوای ونبوونکی زەر، کاتێک کەسێک لەماندەپرسێت: هەموو شتێک باشە؟ئەو پرسیارە دەچێتە خانەی نەگوتراوەو. لەپشت ئەو پرسیارەوە زەرێک گوتن هەن، کە هەشتا نەبوونەتە گوتراو.
دوا گوتنمان لەبارەی گوتنی نەگوتراوەو تایبەتە بە بەدەنگییەوە، ئەمەش بەهەکاری ئەوەی نەگوتراو بەدەنگییش لەخۆدەگرێت. ئەبەتە"نهێنی خەزانیی یان برینە ساڕێژنەبووەکان دەتوانن سەرچاوەی پرسە نەگوتراوەکان بن". گومانی ناوێت، کە گوتن هەزی هەیە بەس هەمیشە نا، گەر هەمیشە پێیق وزەداربێت بەدەنگی شادەماری

نەگوتراوەکان پێکناهێنێت. راستە بەدەنگی بەلایەن نییە، بەڵام دەشتوانێت هەوەست، تووڕەبوونێک بێت. وەکیتر"هەندێک جار، قورسترین بارگرانی کە هەیدەگرین، قورسایی قسەکانمان نییە، بەڵکو بەدەنگی ئەوانەیە کە هەرگیز قسە ناکەین".
سەرباریئەو، کاتێک گەنکراو پێلدەهاوێت بەرەو بەدەنگیەکی بکوژ ئەستەمە گەیینی نەگوتراو بە گوتراو. هێنگە زەرەک لە ئەمە پێیباشبێت، کە هەندێک شت باشترە نەگوترێت.بەڵام تاکەی؟ گەر نەگوتراو باشتربێت لە گوتراو ئەوا تێکەای نەگوتراوەکان هەکار و پاڵنەری سەرەکی بەدەنگیەکانمانن. ئەو دەمەش،کە بەدەنگیی دەشکەرنێت نەگوتراوەکان ئاوادەبن. لەبەرئەوەی نەگوتراوەکان، بەشێک لە ڕاستیەکان لەناخی خەیاندا حەشاردەدەن بەیە ڕەژکدێت نەگوتراوەکان بەدەنگی بەرز بگوترێن.

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

گرتنی عەجاجی دەندە و پرسیار و نیگەرانیەکان.. شاخەوان قادر شێش

گرتنی عەجاج حەردان ئەحمەد تکریتی یا "حەجاجی نوگرەسەلمان" وەکو ڕۆگاربووانی زیندانی نوگرەسەلمان (قۆناغی سەربازیی نوگرەسەلمان) دەیناسنن، یەکێ لە ئەفسەرە ناوزەاوەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس بوو کە دوای ٢٢ ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ١/٨/٢٠٢٥دا هەواڵی دەستگیرکردنی بڵاوبووەو. هەواڵەکە هەواڵێکی لە لایەک دەخەشکەرە و لە لایەکی دیکەدا کەمێک پرسیار و ڕاخنە دەهێنێتە پێشەو.

سەرەتا باشە بزانین عەجاج تکریتی کێ بوو؟ عەجاج ئەفسەری سەر بە دائیرەی ئەمنی پارتی بەعس بوو، لە ژمارەیەک شوێندا وەکو ئەفسەری ئەمن کاری کردووە لەوانە لە موسەنا (المثنى)، بەسیە (البصية) و نوگرەسەلمان (نگرة سلمان). شایانی گوتنە لە هەر سێ شوێندا خاڵک لە زیندانەکانی سەر بە پارتی بەعسدا ئەشکەنجە دراوە و بەکەمێ

کوژراون. بەر لە دەستگیرکردنی چەند جارێک هەواڵی مردنی لە لایەن کەس و کارەکەیەوە بۆیان دەگوترێت ئەم هەواڵانە دروستکراوی خۆی بوون و بە ئەوەی کەس بەدوایدا نەگەڕێن و سەراخی نەکەن. هەروەها دەگوترێت عەجاج هێندە نەشتەرگەریی دەموچاوی کردووە و خاڵکی ڕەشی لەسەر ڕووەتی هەبوو لای بردووە و هەر لە پارێزگای تکریت ژیاوە. وەکو کەسایەتیەکی خاون پلەی کۆمەڵایەتی خۆی دەرخستووە. دەگوترێت ئاشکرابوونەکەی دەگەڕێندرێتەوە بە کۆشەی تایبەتی کۆمەڵایەتی. واتە لایەنی دژ عەجاجیان بە دزگاکانی ئاسایش ئاشکرا کردووە. نازانین ئەو چەندی ڕاستە بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، دزینەوەی عەجاج بەهۆی بەدواداگەڕانی دزگاکانی ئاسایش نەبووە. واتە ئەگەر کۆشەی کۆمەڵایەتی نەبووایە کەس لێی نەدەپرسی ماڵت لە کوێیە. ئەوەش لە ئێراقی ئێستادا سەیر نییە.

شایانی گوتنە لە هەرشی گەلکوژکارانەی ئەنفالدا بە تایبەتی لە ئەنفالی دوو و سێ و چواردا لە نێوان ٢٢ی مارس و ٨ی مای ١٩٨٨دا بە هەزاران کەس لە دەشت و دێکانی قەرەداغ، گەرمیان و شوان و شەخبزێنی لە پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی دەستگیرکران و ڕەوانەی سەرتا تەپزاوا کران، لەوە مەرمندا، گەنج و پیاوەکان ڕاستەوخۆ بە گەڕەکەکانی نەردران، منداڵ و کچ و ژنەکان و پیرەکانیش بە خاروووی ئێراق بە قەڵای سەربازیی نوگرەسەلمان نەردران. بەڵام جاری وا هەبووە گەنجەکانیش بە ئەوە نەردراون و پاشان بەرەو کوشتن لە گەڕەکەکانی نەردراون. ئەوانەی بە ئەم زیندانە نەردران بەرەوووی ئازار و ئەشکەنجەدان، تێنوەتی، برسێتی و نەخۆشی بوونەوە و وردە وردە گەلەکیان مردن. عەجاج کە بەرپرسی قەڵازیندانەکە بووە بەکەبل، سندە، دار و چەکوش بەربەتە گیانی زیندانیەکان. مرۆڤی لەژێر لەدان و ئەشکەنجەدانەدا دەندانە کوشتووە. بە بزەییانە لە منداڵی داوە، خەڵکی تێنو و برسی کردووە تاکو زوو بمرن. کە زیندانیەکان مردوون تەرمەکانیان بە سەگەکانی دەرەوەی زیندان فڕێ داوە. ڕزگاربووان بە زەری گوتن لە سەگ ڕەشەکان دەکەن. زیندانیەکان خۆیان دەبووایە تەرمەکان ببەنە دەرەوە و هەموو دەیانزانی دوای ئەوە سەگ دڵن و دەیان خۆن. دایک تەرمی منداڵی ساوای بردەتە دەرەوە و زۆر باشیش لێی ڕوون بووە کە دوای ئەوە سەگە ڕەشەکان دڵن و دەیانخۆن. بەچاوی خۆیان ئەویان دیتووە. عەجاج وەکو بەرپرسی ئەم زیندانە بەرپرسە لە زەربەی ڕەهای ئەو تاوانانەی کە لەم زیندانەدا ئەنجام دراون.

لەبەرچی تا ئێستا عەجاج تکریتی دەستگیرنەکرابوو؟ دادگای باڵای

تاوانکانی عێراق لە کەیسی تاوانی گەلکوژیی ئەنفالدا کە لە ٢١/٨/٢٠٠٦دا دەستی پێکرد پێنج تەمەتباری هێنایە دادگا، ئەوەش تەنها چەند دانەیەک بوو لە هەزاران تەمەرتبار کە بەجێ لە جێرکان پشکیان لە تاوانی گەلکوژیی ئەنفالدا هەبوو. لە نێو ئەو پێنج کەسەدا ناوی عەجاج نەبوو. ئەو لەلایەن دادگاوە داواکراو بوو، بەڵام وەکو سەدان تەمەتباری داواکراوی دیکە هەرگیز دەستگیر نەکرا و نەدرایە دادگا. دیارە جگە لە زیندانی قەڵای سەربازیی نوگرەسەلمان چەند زیندانێکی دیکەی وەکو تەپزاوا، دوبز، تکریت، نزارکێ و سەلامیە و هیتر هەبوون بەڵام بەرپرس و تاوانبارانی ئەو زیندانانە هەرگیز دەستگیر نەکران. دەسەڵاتی جێبەجێکردنی عێراق هیچ هەوڵێکی بەکردەوەی بۆ دەستگیرکردنی تاوانبارانی داواکراوی تاوانی ئەنفال ئەنجام نەدا، هەرچەندە لە لایەن دادگاوە داوای زیاتر لە ٤٠٠ تەمەتبار کە ناویان لە لیستێکدا نووسرابوو و لە لایەن دادگاوە داواکرا بوون. ئەو ٤٠٠ کەسە تەنها بەشێکی کەمی تاوانباران بوون.

لە هەرەمی کوردستانی عێراقدا کە وەکو وتمان و هەواری قوربانیانە، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە نە دادگایەکی تایبەت بۆ تاوانی گەلکوژیی (جینۆساید) داندرا، نە هیچ هەوڵێکیان بۆ دەستگیرکردنی تەمەتباران دا. هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پارتی و یەکێتی بەکردەوە دژی دادگایی سەرکجاشکان وەستانەوە کە لەلایەن دادگاوە داواکرابوون. زۆر لە ئەفسەر و سەرکردە بەعسیەکان هاتنە کوردستان و پانادران. بەکورتی لە عێراق و هەرێمدا تاوانبارانی تاوانە گەورەکان پەنادراون و پارێزگاریی دەکرێن.

ئەوەی پەیوستە ئەنجام بدرێت، کەیسەکەی ئەنفال لە دادگا بکرێتەوە، سکاڵا لە کەسوکاری قوربانیان یا ڕزگاربووان وەربگیرێت، کارئاسانیان بۆ بکرێت، پارێزەریان بۆ ئامادە بکرێت، تەمەتکانی سەر تاوانبار بخرێنە ڕوو. هەروەها ڕاگەیاندنی لە هەر هەوڵێکی ئازادکردنی یا جێرک لە ڕاککەوتن بۆ ئازادکردنی عەجاج بکرێت. پەیوستە هەوڵەکانی ڕزگارکردنی عەجاج پوچەڵ بکرێتەوە، وەکو عەرەبە سوننەکانی سەر بە خێڵی عوبەد لە پارێزگای تکریت لە ئێستاوە هەوڵی بەردانی دەدەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ئەوە ئەو عەجاج نییە و ئەو کەسێکی بۆ تاوانە بۆیە دەبێ ئازادی بکەن. هەندێ لە ڕۆژنامەوانەکانی شاری کەرکوک بە مەبەستی بەدواداچوون و کەردنەوەی زانیاری لەسەر عەجاج چوونەتە لای ماڵەکەی عەجاج، بەڵام لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی تکریتەوە ڕاگیریان لە کرا

و هەرچی وەنەی گرتبوویان لەیان سەندنەوە و بە ماوەی چەندین کاتژمێر دەستبەسەر کران. ئەوان هەندێ زانیاری گرنگیان دەستکەوتووە و لایانوایە ئەوە عەجاجی نوگرەسڵمانە و خەیشی لای دەزگای ئاسایشی ئیراقی دانی بەوەدا ناوە.

پەویستە پرسەی دادگاییەکە بەلایەنانە ئەنجام بدرێت و گەواهیدەر و ڕزگاربووان ببردرێنە دادگا و پارێزگاریی لێ ژیانیان بکرێت. بەم جۆرە بەپێی یاسای تاوانی گەلکوژیی مادەی ١١ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی مادەی ١٢ دادگایی بکرێت. پەویستە دادگا لە دیدی ئەم تاوانانەوە بە وردیی و چڕیی بوانێتە تاوانکانی عەجاج. ئەگەر دادگا تەنها بەپێی مادەی ١٢ی مافکانی مرۆڤ عەجاج دادگایی بکات، ئەوە هەڵەیەکی یاسایی زۆرە، چونکە وەکو بەیارەکی پشوختە وایە، کە ئەوان بە لەکەینەوە و بەدواداچووونی یاسایی چڕ و پڕ و سەماندنی دەرئەنجام، هەرزوو بەیارەکیان سەپاندووە و ئیدی سەیری مادەی ١١ی تاوانی گەلکوژیی ناکەن. ئەگەر عەجاج تاوانی گەلکوژیی ئەنجام نەداوە، دەبێ بیسەمەنن چۆن ئەو تاوانی گەلکوژیی ئەنجام نەداوە و لەبەرچی تاوانکانی ئەو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە. لەسەر ئەو بنچینەیە دەکرێ سزای دادوەرانە و ڕەوا بە ئەم تاوانبارە دانێیە ببڕدرێتەوە، بەکو ئارامیەک بە کەسوکاری قوربانیان و ڕزگاربووان ببەخشرێت.

گرنگی گرتنی عەجاج وەکو بەئاگاهاتنەوەیەکە کە پەنجەی پرسیارەکان بە سیستەمی دادوەریی ئیراق ئاراستە دەکات. بەیە ئەگەر لە بەرەی قوربانی و خەڵک بگشتی بپرسیت ئەوا هەنگاوی دیکەی یاسایی و دادوەرانەی گرنگ ئەوەیە، پەویستە هەموو تەقەتبارانی تاوانی گەلکوژیی ئەنفال و گەلکوژییەکانی دیکە دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا. زۆرن ئەوانەی وەکو عەجاج بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە تاوانکاندا هەبووە، بەڵام تائێستا بە ئازادی دەسووڕێنەوە. هەموو ئەوانەی بە جۆرە لە جۆرەکان لە تاوانەکە گەیشتوون، تاوانبارن و دەبووایە ڕادەستی دادگا بکرێن. بەیە پێنادانیان تاوانێ و دەبووایە سزای لەسەر بێت. دادگاییکردنی تاوانبارانی تاوانی گەلکوژیی و دژ بە مافکانی مرۆڤ هیچ کاتێک کۆن نابێت، تا ئەو ساتەی تاوانبار لە ژیاندا بێت دەکرێ دەستگیر بکرێت و ڕەوانەی دادگا بکرێت. بە نموونە تاوانبارانی نازی کە لە تاوانی گەلکوژیی هەڵەکەستدا بەشداریان هەبوو تاکو ئێستا دەستگیر دەکرێن و دەدرێنە دادگا، هەرچەندە ئێستا پیر و پەککەوتن.

ئاشتی و بەیەکەوەژیانی دروست و ئەرێنی لە کەمەگەیەکدا دروست

نابەت ئەگەر دادوەریی نەهێتە دی. بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان و ئیراقدا ئەم داوایە گرنگیی نییە و دەسەڵاتداران گوێی پێ نادەن، وەکو بەرژەوەندییە بنەماڵەیی و خێزانەکی و ئەتنیەکان لەپێش هەر شتێکی دیکەوە دێن.

شاخەوان قادر شێش
٥/٨/٢٠٢٥

دەرونشیکاری لە فرێدەوە تا ئیمێ -١.. د. هێژار عوسمان

هستیریا نەخۆشیەکی دەرونییە بەناو بە شێوەیەکی سەرەکی بە نیشانەکانی نەخۆشیەکانی مشک و دەمار خێی دەردەبڕێ بە بونی گەوان و شێوان و تێکچونی پێکهاتەی جەستەیی لە خودی مشك و دەمارەکاندا، کەواتە ئیشکردن و وزیفەی مشک و دەمار بە شێوەیەکی کاتی تێکدەچێت بەناو پێکهاتەکیان ساغ و تێکنەچوە وەک ئەوەی بە نمونە مشک هەوی کردبە یا کیسەک یا زیادگشتەکی تیابەت یا لولەخونەکانی داخرابەت یا ئاوسابەت. نیشانە جەستەییەکانی هستیریا ئەمانەن: گشکە و بورانەوە و بەهەشبون یا هەش تێکچون، سەبون و مەرولەکردنی پێست ،ئێشی ئێندامانی لەش ،هەزتیانەمان ولاوازی یا گرژبونی زەر توند و گەرمی ماسولکەکان ، لەرزینی دەست و پێ یا هەموجەستە ، تێکچونی زمان گەکردن و شێوانی دەنگ و قسەکردن یا کپی و بەدەنگبونی تەواو ونەتوانینی قسەکردن، یا کشە لە جوین و قوتدانی خراکدا یا کەکەی وشک بە بونی نەخێشیی کەئێندامی هەناسەدان یا نائاسایی بونی شێوەی وەستان و دانیشتن و ڕۆشتن و جموجۆی ئاسایی ئەژانە ، شێوانی کاتیی بینین وەک بەرچاوەشبون یا تەنانەت نابینایی کاتی وهتد… . نیشانە دەرونیەکانی هستیریا ئەمانەن: هەست وشعوری لەخەنامە بون و لە دەوروبەر نامەبون، بیرچونەوە بەتایبەتی دەربارەی ڕوداوی بریندار بونی دەرونی ئەگەر ڕویدابو، گەڵانی خراپ و تەقینەوەی بەجێی هەست و سەزکان بە هاوارکردن و گریان و قاقای پێکەنین بە ئەندازەیەکی وا کە سەرنجی هەمو دەوروبەر بە لای خۆیدا ڕائەکشێ . لە کاتێکدا خزم و کەس

دۆریان داوە و زۆر نیگەرانی و ترسیان هەیە لە دەخۆکەی کچی ئەو خەی تەنانەت بۆرامبەر نیشانە جەستەییە کاتیکانی وەک نابینایی و ئیفلیجی خەمسارد و گوپەندەر ئاکشاوە. لە پشتی ئەم نیشانانەوە هەوکەشەی دەرونی و بریندارىبونی دەرونی و ئازاردانی جەستەیی و چەوساندنەوە و دەسدرێژیی جۆراوجۆر بە هی سێکسیشەوە لە منداڵی و هەرزەکاری و یا لە تەمەنی گەورەیی لە ئێستادا و هەروەها کەشەی کەمایەتیی قورس هەن کە کەسەکە لە بەر شەرم و عەیبە و ترس لە سزا و ئابەوچون ودابڕان لە دەوروبەر و خێزان و کەمە ناتوانە بە دەسی خەی و لە کانگای دەیەوە بە هەست و سەزی ئاستەقینەوە دەریانبەە و چارەسەری بنەەتیان بە بکات، بەیە بە ویست و حەزی خەی و بە ئەوەی خەی بیەوە و بزانە یەکە یا چەند دانەیە لە نیشانە جەستەییەکانی سەر بە کێشەندامی مەشک و دەمارەکانی تیا دەرکەوە. نمونەیەک کە ئەویداوە: ژنەکی مەرددار لە پە توانای بینینی نەما، دوکتەری چاو دوای تەەوانینی ورد پەی وت چاوت هیچی نیە، دوای چەند هەفتەیەک بزربون لە شارەکی دوورەوە لە گەە ئەو پیاوەی شەیدای یەکتر بوبون سەری هەەدا و دەرکەوتەوە و ئیتر بە چارەسەری پزیشکی کەشەی بینینەکەشی نەما! ئەم نەخۆشانە بە هەی بورانەوە و گەشکەی دەرونیەوە چەندین جار بە پەلە و شەەژانی خزم و کەسەوە بە ئەمبولانسی فریاکەوتن یا ئوتومبیلی ئاسایی دەبرێن بە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکان و چەندین تەەوانینی تاقیگەیی خوێن و سەنەر و وەنەی تیشکی و سکانی مەشک و ئێندامەکانی تری جەستەی بە دەکرێت و لە کەتایی هەموياندا پزیشکەکە دەەت وەەا هیچی نیە، هەندێک دوکتەر پەی دەەن هستیریا یا Hys ی هەیە !! ئیمەە وشەی هستیریا لە دنیادا بەسەرچوە و بەکارهەنانی زۆر کەم بوە و بە تایبەتی پزیشکی هەمو پسپەیەکان نابەت بەکاریبەنن بە نەخۆشەکانیان چونکە وشەیەکی نازانستی و هەەیە. Hysteria وشەیەکی یەنانیی کۆنە بە واتای (نەخۆشیەکی پەیوەنددار بە منادانەوە) دەت، پزیشکی ناوداری یەنانی کۆن (هیپۆقرات) وای دەزانی ئەو نەخۆشانەی هیستیریا یان هەیە منادانیان تەواو نیە یا ترازاوە و بە جەستەی نەخۆشەکەدا دەجوە و دەگەە. لە مەژە دەرکەوتوە کە نەخۆشیەکە هیچ پەیوەندیەکی بە منادانەوە نیە بەەام لە کچ و ژنی گەنجدا زۆرتر هەتا لە پیاواندا، ەنگە هەر ئەمەش بەت کە ناونراوە هستیریا کە لە وشەی یەنانیی (Hyster) وە هاتوە و بە واتای منادان دەت. ئێستا لە هەمو دنیای پزیشکەوتودا لە بری هستیریا وشەی (conversion) کۆنفەرژن بەکاردەت.

ئەوەی کە هستیریای هەیە و کە نیەتی تەنیا پزیشک وە بەتایبەتی پزیشکی مەشك و دەمار و پزیشکی دەرونی بەیار دەدا نەک هیچ کەسەکی

تر، دڵنا هەڵە و ناحەقی و سوکایەتی پێکردن و تەمەتی ناڕەوا بەرامبەر نەخۆشەکە دەکرێت لە باتی تێگەیشتن لێی و هاوسۆزی وچارەسەرکردنی پسپۆیانە کە چارەسەری دەرونیە لای پزیشکی دەرونی و دەروننناسی پزیشکیی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بانتر. بینیومە و بیستومە خزم و کەس و هاوڕێ و تەنانەت یاریدەدەری پزیشك وهەندێ پزیشکیش چی بەم نەخۆشانە دەڵێن، وەک (درێ دەکات، نەخۆش نیە، خۆی وا لێ خۆی دەکات، …).

دوکتۆر د. سیگمۆند فرۆید کە جو بو، هەروەها د.جۆزێف بروێر لە شاری ڤیەنا بە یەکەم جار لە ساڵەکانی ١٨٨٠ دا ئەم نیشانە جۆستیانیان وەک دەربڕ و زمانحاڵی کێشە و بریندارێ دەرونی و کەڵەپایتیە قورس و چارەسەرنەکراوەکان ناساند. پشتر د.بروێر بە ماوەی ساڵ و نیوەک (١٨٨٠-١٨٨٢) خەریکی چارەسەرکردنی کچێکی ٢١ ساڵی نەخۆش بو بە ناوی خوازراوی Anna O بە شێوازی قسەلێگەڕکردن و خوێندنی دەستکرد (Hypnosis)، کچەکە نیشانەکانی هستیریای تەدابو و لە ڕوی جۆستیی مێشک و دەمارەوە هیچی نەبو، ئەو بەو چارەسەرە و بە دەرمان باشتر دەبوو. د.جۆزێف دەربارەی ڕەوتی نەخۆشی و چارەسەری Anna O زانیاری و ئەزمونی چارەسەرکردنی سەرکەوتوانەی بە تەنیا بە دواندن بەڵام بە دەرمان بە فرۆید باسدەکرد و لە گەڵیا ئاوگەڵی بیروڕای دەکرد دەربارە بابەتەکە، فرۆید خۆیشی وەک دوکتۆرێکی پسپۆڕی مێشک و دەمار زۆرجار گیریخواردبو بە دەست هەندێ لە نەخۆشەکانیەوە کە دەرمان چاکی نەدەکردنەوە و نیشانە و ناڕەحەتیەکانیان کە هی هستیریاکیان بو بەردەوام دەبو. فرۆید پشتر یەک ساڵ دوای وەرگرتنی پسپۆڕی لە مێشک و دەمار لە ڤیەنا ، بە ساڵەک لە پاریس لە ژێر سەرپەرشتیی دوکتۆر Charcot و دو دوکتۆری تردا یەک ساڵ ئاهەنان و فۆربون و چارەسەرکردنی دەرونیی نەخۆشانی هستیریا ی کرد و گەڕایەوە بە ڤیەنا و ئیتر وردە وردە کەوتە چارەسەرکردنی نەخۆشانی هستیریا و بوبە ئەو بوارەی کە سەرکەوتوانە ئاسپی خۆی تەدا تاودا و ناوبانگی دەرکرد. فرۆید ئەم ئەزمونانەی خۆی لە گەڵ نەخۆشانی هستیریا و ئەوانەی د.جۆزێف لە گەڵ Anna O زۆر سەرنجی ڕاکێشا و کەوتە بیرکردنەوەی قوڵ و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ی پراکتیکی و تیوریی چڕ و پڕ، ئەنجامی ئەم کارەی نوسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی (لێکۆڵینەوەکان دەربارەی هستیریا) لە ڤیەنا لەساڵی ١٨٩٥ بو، دواتر لە ساڵی ١٩٠٠ کتێبی (ڕاقەکردنی خەونەکان) ی نوسی و بڵاویکردەوە .

دەتوانین بڵێین ئەم دو کتێبە ، کە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبو نەک هەر لە ناوەندە پزیشکیەکان بەڵکو لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و کەڵەناسی و مێژو دا ، زەنگ لێدانی سەرەتای لەدایکبونی

(دەرونشیکاری Psychoanalysis) بۆ کە فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩) بۆ دەرخۆکەی دانرا.

تێماناک بۆ کتێبی (ئافرەت لە شانۆی کوریدا).. کامەران حاجی ئیلیاس

ئاگر ئاوێک لە رابردووی کلتوری هونەری وئەدەبی و رۆشنبیری خەمان بدەینەوە گومانی تێدانییە ،کەخاوەنی چەندین چالاکی و ئەدەبی وهونەرین ،خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەندین دەتوانین هەمیشەشانازی بەرابردووی خەمانەوە بکەین ..بەڵام یەکێک لەو گرفتانە کە رووبەرمان دەبێتەوە بریتییە لەوەی، لە کاتی ئەنجام دانی هەر چالاکییەک نەبوونی دەزگایەک یان فەرمانگایەکی فەرمییە کە پێویست بێت بۆ تۆمار کردن بۆ دەکیەمێنتکردنی و کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو چالاکیانەی کە ئەنجام دراون وە ئەوەی ئەنجام دەدرێن، بۆ ئەوەی وەکو بەڵگە لە داهاتوو ئاماژە پێبدرێت لە هەمان کات دا لە ناچوون بپارێزدرێن ،ببێتە سەرچاوە بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێک بۆ تۆمارکردنی مێژوویەکی راست و دورست چونکە وەکو ئاشکرایە دورستکردنی مێژوویەکی راست و دورست و بۆ گوماناوی لەرگەی بەڵگەو دەکیەمێنت و شوێنەوار دەبێت لەبەر ئەوە وەاتان گرنگی زۆریان بۆ ئەرشیفکردن داوە هەر لەرگەی بەڵگەشەوە دەبنە خاوەن شارستانییەتی تایبەت بەخۆیانەوە پارێزگاری لە مێژووی خۆیان دەکەن.

ئەمە لە کوردستان بەداخەوە هیچ دەزگایەکی ئەوتەمان نییە بۆ تۆمارکردنی سەرجەم چالاکییەکان راستە لەرەو لەوە چ لە ئاستی کەسی بێت یان رێکخراو یان کەمەڵە بێت هەوڵدراوە بەڵام ئەمانە کارێکی فەرمی و گشتگیر نین تەنیا بوارێک لە خۆ دەگرن وەکو دەزگایەکی فەرمی نین هەموو لایەنێکی ئەدەبی و هونەری وگشتی لە خۆبگرێت بۆ ئەوەی لە هەرکاتێک کەسێک یاخود لایەنێک پێویستی پێبێت راستوخۆ پێوەندی بەو دەزگایەوە بکات و سوودی لەوەرگرێت ،کە بەداخەوە ئەوەش کەلێنێکی گەورەیە لە ئەنجام دا دەبێتە هۆکاری لە ناوچوون یان تۆمارنەکردنی چالاکییەکان بەشێوەکی راست دورست .

کتێبی(ئافرەت لە شانۆی کوردیید) لە نووسین و ئامادەکردنی نووسەری دیاری کورد (مەغدید حاجی) لەساڵی 1989 چاپی یەکەمی بڵاوکراوەو..
بەهۆی ئەوەی کتێبەکە زۆر گرنگ بووو لە هەمان کاتیشدا لەکتێبخانەکانی کوردستان نەمابوو، لە ساڵی 2024 لەسەر ئەرکی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی لە هەولێر بڵاوکراوەو بڵاوکرایەوە ..لەوانەیە پێش چاپ کردنی ئەم کتێبە لەسەر ڕێی ئافرەت لە شانۆی کوردیدا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وەکو وتار لەڕەو لەوە نووسرابێت بەڵام وەکو کتێب بەو تەروتەسڵە لە چوارچێوەی کتێب نەنووسراوە بۆیە کتێبی (ئافرەت لە شانۆی کوردیدا) یەکەکە لەو کتێبانەی کە بۆتە ئەرشیفێکی دەوڵەمەند بۆ شانۆی کوردی بۆجۆرێك بۆتە سەرچاوە بۆ چەندین تێزی نامەی ماستەر و دکتۆرا..کارێکە دەبوایە لەلایەن دەزگایەکی گەورەی حکومەتەوە جێبەجێ کرابا و بودجەیەکی شایستەی بۆ تەرخان کرابا نووسەر زیاتر لە چوار ساڵ خەریکی ئەم کتێبە بووە هیلاکی و ماندووبوونی زۆری کردووە لەسەر ئەرکی خۆی چاپی یەکەمی لە شاری بەغدا چاپ کردووە…نووسەر بۆ ئامادەکردنی کتێبەکە سەردانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە چەندین دیدار و هەڤپەیڤینی لەگەڵ چەندین هونەرمەند ئەنجام داوە بۆئەوەی بۆشاییەکی راست و دورست کتێبەکە بخاتە بەردەم خوێنەران نووسەر بۆ راست و دورستی مێژوەکان زۆربەی دیدارەکانی لەرگەی ریکەدەر یان بۆشاوەی نووسین دیدارەکانی ئەنجامی داون تائێستا وەکو بەگەڵ لەلای خۆی پارستوویەتی.. تە بیر بکەوە لە ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی رابردوو ئەوهەموو کارە لەسەر خەرجی خۆت ئەنجام بدەیت دەبێ ئەرکێکی زەحمەت بووبێت چونکە هەکارەکانی پەیوەندی کردن وەکو ئێستا ئاسان نەبووە بۆیە ئەم کتێبە بۆئاسانی لەدایك نەبووە .
ئەگەر رامانێك بۆ ناوەڕۆکی کتێبەکەشدا بکەین سەرەتا مامۆستا (ئەحمەد سالار) پێداچوونەوەو پێشکی بەکتێبەکە نووسیوە ..راستە ناونیشانی کتێبەکە لە ژێر ناوی (ئافرەت لە شانۆی کوردیدا) یە پشکی شێر بە ڕێی ئافرەت لە شانۆی کوردی بەرکەوتووە بەڵام هەر لە نێو کتێبەکەدا نووسەر باسی بزووتنەوەو مێژووی شانۆی کوردی ناوی سەرجەم ئەو ئافرەتانەی تەمارکردووە کە وەکو ئەکتەر ڕێیان بینیوە لە سەرتەختەی شانۆ و دراماکان دا لە هەمان کات ئاماژەی بۆناوەی ئەو پیاوانەی داوە کە ڕێی ئافرەتیان بینیووە ئەمەش سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هونەرمەندان و نووسەران.. نووسەر ئاوڕێك لە مێژووی شانۆی کوردی دەداتەوە باس لە یەکەم دەقی شانۆی کوردی دەکات بە ناوی (مەمی ئالان) کە لە ساڵی 1919 لەلایەن نووسەری دیاری کورد (عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری) نووسراو لە هەمان کاتدا باس ناوەرۆکی

شانۆگەریەکە دەکات نووسەر مەغدید حاجی دەڵێت"ئەم شانۆگەریە(مەمی ئالان) بەهیچ شێوەیەك باسی ئۆویندارى (مەم و زین) ناکات بەڵکو چەمکی شانۆگەریەکە باس لە رەحی هاوکاری نێوانی کورد دەکات بەتایبەتی وەکو گەلێکی موسەمان هاوکاری گەلی فەلەستین دەکات لە پێناوی رزگار کردنی شاری قودس هەروەها باس لە رەنجی ئافرەت دەکات لەوسەردەمدا".

ئۆوەی زانراوە شانۆگەری (مەمی ئالان)ی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری چیرۆکی شانۆگەریەکە باس لە ساتی رەیشتنی مەمی کوردان بۆ غەزای رزگارکردنی قودس دەکات. کاتێك (مەم) خەی ئامادە دەکات بچێت بۆ شەڕ، چاوەشی دایکی و غەزالی ژنی بۆ تەنیا جێدەهێڵێت، دوای چەندین ساڵ، وەك قارەمانێك لە غەزا دەگەڕێتەوە و دەچێتە لای ژنەکەی، سەرەتا ژنەکەی ناینasێتەوە. دواتر کە خەی ئاشکرا دەکات، دەیناسێتەوە و هەردووکیان لەك دەئاڵێن و باوەش بە یەکتردا دەکەن.

نووسەر کتێبەکەی بۆ چوار بەش داش کردووە لە بەشی یەکەم باس لە ئافرەت لە دەقی شانۆی کوردی دەکات وباس لە نووسەرکان دەکات کە چۆن وەکو بابەت مامەیان لەگەڵ ئافرەت کردووە لەنێو دەقە شانۆییەکانیدا.

لە بەشی دووەم باس لەو هونەرمەندانە پیاوانە دەکات کە وەکو پیاو ڕەنجی ئافرەتیان بینیووە هەر لەسەرەتایی چلەکان و پێنجاکان تا حەفتاییەکانی سەدەی رابردووە باس لەچۆنیەتی پرکردنەوەی ئەو کەلێنە دەکات لە نێوە شانۆی کوریدابوونی هەبوو ئاماژەی بە ناوەکانیان دەکات.

لە بەشی سێیەمدا مەغدید حاجی باس لەو ئافرەتانە دەکات کە ڕۆیان بینیووە لەسەر تەختەی شانۆ و لە نێو دراماى کوریدا هەرلەو بەشدا نووسەر باس لە دامەزراندنی تیپشانۆیەکان دەکات بە تایبەتی لە دواى شەرشی14ی تەموزی ساڵی 1958 بەجەرەك باس لەم تیپە هونەریانە دەکات کە کاریگەری ئەرێنیان هەبووە لە پێشڤچوونی ڕەوتی شانۆ بەگشتی بەشداریکردنی ئافرەتان زیاتر بوو.

لەبەشی چوارەم نووسەر مەغدید حاجی ئاماژەی بە ناوی زیاتر لە 402 لەو خانمانەی داوە کە وەکو ئەکتەر ڕۆیان بینیوە لەسەر تەختەی شانۆ و لە نێو دراماى کوریدا هەریەکەو بەپێی قۆناغ و بەپێی شارەکەی خەی ناویان لە نێو کتێبەکەدا نووسراون چەندین دیدارى لەگەڵ بەشەك لە ئەو ئافرەتانە ئەنجام داوە کە ڕۆیان بینیوە لەسەر تەختەی شانۆ وە لە نێو دراماداا.

لە کۆتایش نووسەر چەندین وێنەی شانۆیی وەکو بەڵگە بەاوکردنەوە هەندەك لە وێنەکان ئەو هونەرمەند پیاوانە لە خۆ دەگرێت کە ڕۆیی ئافرەتیان بینیوە هەندەکی تریش وێنەی ئەو ئافرەتانن کە

لەشانۆگەریيەکان وەکو ئەکتەر بەشداربوون.
هەرچەندە ناوی کتێبەکە بەناوی (ئافرەت لە شانۆی کوردیدا)-یە بەڵام ناوەرۆکەکەی تەنیا ئاماژە بەناوی ئەو ئافرەتە هونەرمەندانە دراوە کە لە کوردستانی باشووری بەشداری لە شانۆ درامایان دا کردووە بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە ئافرەتانی پارچەکانی تری کوردستان نەدراوە ،ئەگەرچی من دەینام ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە هەروەکو لە سەرەتا ئاماژەمان پێدا دەبێت ئەم کارە لەلایەن دەزگایەکی فەرمی حکومی بکرێت لە هەمان کات سایانی هەشتاکانیش ئێستەم بوو ئاماژە یان پێیوەندی بەپارچەکانی تری کوردستان بدەیت، بەڵام دەکرا لە ناونیشانەکەی نووسرابا (ئافرەت لە شانۆی کوریدا لە باشووری کوردستان یان لە کوردستانی عێراق دا)
لە کۆتاییدا دەست خۆشی لە برای ئازیزم مامۆستا مەغدید حاجی دەکەم بۆوی کارێکی زۆر باشی کردووە ،لە هەمان کاتیشدا بەباشی دەزانم لایەنەکانی پێیوەندار بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆورسمێکی شایستەی رێزلێنان بە نووسەر (مەغدید حاجی) سازبکات دووبارە دەستی خۆشی لێدەکەم.



بیـــرەوەری/ لـەودیـــو پـەنجـەرەی ھـۆشکانـەوە ـ ئاوستاوم و دەـوان م.. عـەبدوڵا سـەمان (مـەشخـەڵ)

بیرەوەریی شاعیرێکی جـەنگاوەری مارکسیست

[بـە خوێندنـەوەی ئـەم کتـێبـە کلیکی ئـێرە بکـەن..]

Mashkhal_BerawaryDownload

ئـێنیـــس خـەشەویســـتی گیـــانم.. شاکـارێکی ئەنـدێشەی مـژوویـی.. ئاکـە عەبدوڵـا

ڕۆمـانی (ئـێنیـس خـەشەویسـتی گیـانم Inés del alma mía) یەکـێکـە لەڕۆمانە کاریگەر و وروژێنەرەکانی ئیزابـێل ئەللیندی سـاڵی 2006 بـەرهەمـهێناوە. کە لەجـۆری ئەندێشەی مـژوویی و بایـۆگرافییە، هەروەها ڕۆمانـێکی داستانییە لـەبارەی خـەشەویستی و جەنگ. تـێیدا وروژێنـەرانە وێنەی تراژیدی شـاوی داگیرکاری ئیسپانی بـە هەردوو وڵـاتی پیـرۆ و چیلی، لـەناوەڕاستی سەدەی شانزدە، کـێشاوە. کە ئەوسا ئەو ناوچانە بـەوڵـاتی هیـنـدی نـوێ نـاودەبران. لـەڕۆدا ئەللیـنـدی هـەروەك لـەڕۆمانەکانی پـێشووشی، مـژووی ئەمەریکای لاتینی لـەگـەڵ مـژووی ژیانی خـۆی، بـەتایبـەتی لـەڕووی سـۆز و مـرۆڤایـەتی، هاوسەنگ کردووە. ئـەو جارەشیـان پابـەنـدی خـۆی لـەگـەڵانـەوەی ڕۆچکـەی ئـەو مـژووە نواندووە کە داگیرکەر بـەدرۆشمی موژدەبەخشی، شـارستانە وەك تەماحکار بـەدوای سامان و زەـدا دەگـەڕێ. بـەبـێ گـوێدان بـەبنەماکانی مرۆڤایـەتی. ئەمـەو تـێیـدا لـەکـێشـانی لایـەنـی مرۆڤـی و ململانـێ ئەزەلـییـەکـانی ئافرەتـك، تەواو سەرکەوتووە. ئەو ئافرەتـەی کە (ئـێنیس سوارێزی) ناوە، بـەو کچانە دەچـێت کە بـەبـەهـێزی و ژیری و هەستکردن بـەدادوەری مرۆڤایـەتی و بـەزەیی و حـەزکردن لـەمـەعریفـەت و قـەزهاتن لـەدەسـەڵات و

پابەندبوون بۆنەریت، ناسراون و لەروویەووبوونەوە و بەرگەگرتنی سەختییەکانیش توانادارن. ناوبراو لەچاخی ستەمکاریدا لێگەڕی پێوەندیکردن بەپیاوێك، دەیەوێت بۆیاری رووبەووبونەوەی هەموو جۆرە پاڵەپەستۆیەکان بدات و دژی نەریتە چەقبەستووەکانیش بوەستێ و ڕێچکەی ژیانیش لەدەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگە بگرێتەبەر. سەرتاپای ڕۆمانەکەش بریتییە لەگێڕانەوەی ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەو خاتوونە بە ئیزابێللی کچی هاوسەری دووەمی. گێڕانەوەی چۆنیەتی هاتنی ئەو لەگەڵ سوپای داگیرکەری ئیسپانی بۆ وڵاتەکانی پیرۆ و چیلی. لەهەندێك شوێنیش گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی وەك ئەوەی لێدێت ئیزابێللی کچی لەبەرامبەری وەستابێت و موخاتەبەی بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی لەوشوێنانە ئەویان تەنیا گوێگرە بۆیە خوێنەر هەست بەبوونی ناکات.
ئۆنیس کە سەرگوزەشتەکانی دەگێڕێتەوە لەتەمەنی پیری دایە و گێڕانەوەکانی مەستانە خوێنەر بۆرو رابردوو کێش دەکات. سەرەتا لەساڵی 1526 لەکاتی ژنهێنانی کارڵسی پێنجەمی ئیمپراتۆر. کە ئۆوسا ئەویش بەخوان دی مالگای خۆشەویست و هاوسەری یەکەمی دەگات. هێندەی پێناچێت دەرك بەسرووشتە راستەقینەکەی ئەو دەکات، کە تەنیا کەسێکە شەیدای کچە. دوای لەیەك دوورکەوتنەوەیان کار بەوە دەگات بەرەو هیندی نوێ بڕوات. دواتر لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ناو باوەشی خۆزانە نەریتخوازەکەی، بۆیار دەدات پێوەندی بەخوان بکاتەوە. لەبەر دڵسۆزی نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەدوای ئازادیدا دەگەڕا. دواتر بە (پیدرۆ بالدیبیا) ی سەرکردەی دڵێر دەگات. لەنێوانیاندا پێوەندی خۆشەویستی گەرم دێتەکایە. بەیەکەوە رووەو بەدیهێنانی خەونەکانی پیدرۆ دەچن. کە بریتییە لەملپێکچکردنی دانیشتوانی زەویەکانی چیلی. پیدرۆ لەلایەن سەربازی سەرکەوتنی زۆر بەدەستدەهێنێ و ئۆنیسیش زۆر یارمەتی دەدا. ئینجا لەبەر شاڕاوە یەك لەدوایەکەکانی هیندییەکان، پیدرۆ ناچاردەبێ بۆ داواکردنی یارمەتی و نوێکردنەوی پێوەندی، سەردانی ئیمپراتۆر کارڵسی پێنجەم بکا. لەوێدا لەگەڵ ئەو هەموو دڵێری و ئازایەتی، کەچی نایبەخشن و لەسەری فەرز دەکرێ دەست لەئۆنیسی دۆبەر و ئەفسونگەر و شەڵانگێز (هەروەك لەپروپاگەندەکان وەها ناودەبرا) هەبگرێت. پاش وتووێژێکی درێژ، ئۆنیس بۆی دەردەکەوێت مافی مانەوەی لەو وڵاتە نوێیەی، مەرجە بەشووکردنێکی شەرعییانە. لەگەڵ بۆهیوابوون، وەهای بەخەیاڵدا دێت، پیدرۆ دەستی لێهەڵگرتووە، بۆیە بۆیار دەدات شوو بکاتەوە. ئەو جارەیان شوو بەرێدریگۆ دەکات. کاتێکیش کارەساتی کوژرانی پیدرۆ دەبیستێ، یەکجار دڵگران دەبێت. چونکە تا کۆتایی ژیانی بەتاکە خۆشەویستی خۆی دادەنا.

لەو ڕمانەدا ئەللیندی لەگەڵ ئەوەی باسی لەهەرشی داگیرکاری ئیسپانییەکان و چەوساندنەوەی خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمەریکای لاتینی کردووە، کەمەڵك چیرۆکی سەرکەش و سەرچلیشی تێکەڵ بەخەشەویستی کردووە. هەموو ئەوانەش لەتوانای گێڕانەوەی ئینیس بەدیدەکرێن.

ئاکۆ عەبدوڵا

- ئیزابێل ئەللیندی ڕەسەن چیلی- ئەمەریکی (لەدایکبووی 1942) یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی جیهان. لەبوارەکانی ڕمان و شانۆ و کورتە چیرۆك و ڕۆژنامەنووسی شۆنپێنجێی دیارە. هەروەها ڕێبەرێکی دیاری ڕێبازی جولانەوەی ریالیزمی ئەفسوناویە. بەهۆی ڕمانە وروژێنەر و کاریگەرەکانی کە لەناویاندا لێزانانە ئەندێشە و ڕووداوی واقیعی ئاوێتەی یەکتری کردووە، دەمێکە بۆ خەڵاتی نۆبێ کاندید دەکرێت. هاوکات وەك ژنێکی چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت و ئازادی مرۆڤیش، کەسێکی کارایە.
- لەکاروانی نووسینیدا ئەللیندی کەمەڵك ڕمان و شانۆگەری و کتێبی بۆاوکردۆتەوە. لەڕمانەکانی (ماڵی تارماییەکان)، (پڕسەلین کچە قەڵەوەکە، (لەخشەویستی و سێبەرەکان)، (ئیفا لونا)، (پلانی بکۆتایی)، (کچی بەختەوەری)، (پڕرتڕتی سیپیا)، (شانشینی ئەژدیهای زەڕین)، (دوورگەی ژێر دەریا)، (ئاشقی ژاپۆنییەکە)، (ڤیۆلیتا)، (جەنگەڵی کورتە باڵاکان) کە ئەوەی دوایی تایبەتە بەمنداڵان. لەشانۆگەریەکانیشی (باڵوێزەکە)، (من ترانستێ سێتەمم)، (حەوت ئاوێنە). لەکتێبەکانیشی (پاوڵا) و (ئەفرۆدیت) و (کۆی ڕۆژەکان) و ئەمانە و چەندانی دیکە.
- لەپای بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی چەندان خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە لەوانە: (گراند پرێکس دیڤاژێنی) ، (کۆلیمای ئەدەبی)، (پریمێی پڕتوگالی)، (لێس ئەنجلێس تیمیسی)، (گابریلا میسترالی چیلی)، (خەڵاتی ڕەخنەگرانی ئەمەریکی)، (ئامیشی دی کابریا)، (دونا سیتا دی ڕما)
- جێگای باسە ئەللیندی لەبارەی خۆیەوە وتویەتی : "من ئافرەتێکی سیاسیم. مژووی شاراوەی خشەویستی و سێکس و سێز دەنووسم. بەبێ گرنگیدان بەهۆکارە ئابووریەکان کە

خولقێنەری رووداوەکانی مژوون. خەکانی دیکە هەیە لەو لایەنانەیان کێیوەتەوە. من گرنگی بەوە دەدەم کە لای خەکی رووەدەن. گرنگی بەدایکم و داپیرەم و کەسە نزیکەکانم و ژنانی سەر شەقام و منداڵان دەدەم، کە هەرگیز ئەوە لەنوسراوە رەسمییەکاندا تۆمارنەکراون".

منداڵ، کێرسێ نییە؟!!.. برایم فێشی

I

منداڵ

منداڵ بەو کەسە دەگوترێ کە لە لایەنی بیەلەژی، کەسایەتی، تێگەیشتن، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت لە حاڵەتی گۆشکردن و فێربوونداید. لە قانوونی وڵاتان باس لە مافی منداڵ کراوە، هەرچەند لە زۆر وڵات مافی منداڵ پشێل دەکرێ. ناسینی منداڵ، بوون و جێگە و پێگەی وەک ئینسان وخاوەن ماف، گرێدراوی تێگەیشتنی کۆمەڵگا، بنەماڵە، فەرهەنگ، ئایین، حکومەت و سیستەمی ئێرە و ئەوێیە!

لەکێینەوە و سەرنجی بردەوام ئەوەی دەرخستووە کە منداڵ بۆر لە دایکبوون پاش بەسەرئەنجام گەیشتنی پرسەی گۆشتی مشک و ئەندامان ، تاقیکردنەوەکانی لە ڕێگای هەر پێنج هەستی خێیەوە لە ناو مشکیدا تۆمار دەکرێ. بە وتنە ئەو ماڵەی بردەوام مسیقای لە بەاودکرێتەوە، کارتکێریی لە سەر هەستی منداڵ پاش لە دایکبوون دەمێنێ و ڕێنگە لە بردەوامیدا منداڵەکە هەگریی بە مسیقا پەیدا بکات. ئەوە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە کە نەک بە ویستی خۆی، بە ویستی دایک و باوک و بنەماڵە بە مەبەستی دینی، قەومی، سیاسی، ئیدئەلەژیک دەکرێنە کێرسێی دەستی ئەم و ئەو!!

منداڵ لە ڕێگای بیستن، بینین، دەست لەدان، چەشتن، بۆنکردن لە گۆڕ دنیای دەوروبەری ئاشنا دەبێت و تاقیکردنەوە و زانیاریی پەیدا دەکات. کەمێک لەکێینەوە ئەوە دەردەخەن کە منداڵ هەدی هەدی دەور و ڕێگای دایک و باوک بۆرانبەر بە خۆی هەست پێدەکات و ئەوە

دەتوانێ بە هەر دوو باری خاس و خراودا بکەوێت. واتە پەیوەندی هەر دوو لا بەردەوام تێگەیشتن لە یەک و لە بەرچاوگرتنی ماف و ئازادی هەر دووک لا بچێ، یان بەرەو گۆڕانێ بوون و گۆڕاندن کردنی منداڵ!
بە پێچەوانەی تێگەیشتنی گشتی، منداڵ سەرنج دەداتە سەر هەستەکوتی دەوروبەر کە چۆن لە گەڵ منداڵ و تێگەیشتن و هەستەکوت و بیروبۆچوونی ئەو بجوڵنەوە. هەر منداڵێک لێهاتووە و دەتوانێ لێهاتوویی خۆی بەکار بێنێ، ئەوە کەوتۆتە سەر کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، فێربوون و بارهێنان کە چۆن لە گەڵ منداڵ و کۆسایەتی منداڵ، هەستەکوت بکەن و منداڵ چۆنێ وەک خۆی وەرگرن و چۆنێ ڕێگا بە ئازادی و گەشەساندنی کۆسایەتی ئەو ئاوادێ کەن!
دایک و باب و کۆمەڵگا ئەگەر بەو تێگەیشتنە گەیشتبێتن، ڕێگا و ئیمکانی سەرهەڵدانی سروشتی بە منداڵ ببخشن و هاوڕێی و پشتیوانی گەشەکردنی منداڵ بن و بە هۆی فەرهەنگ، ئایین، داب و نەریت و چەشنی کۆمەڵگا و سیستەمی حوکمڕانی ڕێگریی نەکەن، ئەوە منداڵ لە هەموو بوارێکدا گەشە دەکات.
منداڵ گەر هاوڕێی بکرێ و سەرنج بدرێتە سەر هەستەکوت و ئاکار و جموجۆڵ و داواکانی، لایەنەکانی لێهاتوویی خۆی دەردەخات، ئەوە هونەر و ویست و خواست و هەست و لێهاتوویی هونەریی منداڵیش دەگرێتەوە. ئەبەت ئەوەش هەیە کە منداڵ لە بواری هونەر و بواری تر، ڕێنگە بکەوێتە دوای دایک و باوک و کۆسانیتر، یان دایک و باوک و کۆسانی تر منداڵ وەشوێن خۆیان بدەن.
ئەمە گرنگە منداڵ خۆی بەسەر ویست و خواست و هەستی خۆیدا زاڵ بێت و بە هاوڕێی گەورەکان ڕێگای خۆی پەیدا بکات، نەک ئەوەی کۆسانیتر بیخەنە سەر ڕێگای خۆیان. جیهانی منداڵ جیهانی گەورەکان نییە و ئەم جیهانە گەر لە منداڵ وەربگیرێ، داهاتووی لێ وەرگیراوە. منداڵ تێگەیشتن و جیهانی منداڵی خۆی هەیە و دەبێ بپارێزرێ و لە لایەن گەورەکانەوە تێک نەدرێ، کە مخابن لە زۆر شوێن، لە وانە کوردستان، جیهانی منداڵی، منداڵ هەم تێک دەدرێ و هەم وێران دەکرێ. ئەوە بواری هونەریش دەگرێتەوە.

II

ئەدەبیاتی منداڵان

زمان، فەرهەنگ، شێوە، بابەت و ناوەرۆک لە ئەدەبیاتی منداڵاندا هەموو لە دەوری بوون و ژیان و فانتەزی و تێگەیشتن و ویست و خواست و هەست و کۆسایەتی و دەوری منداڵ لە ناو بنەماڵە، کۆمەڵگا، باخچەی منداڵ، فێرگە و شوێنیتر دەخولێتەوە. گرینگی ئەدەبیاتی

مندا جگ لە لایەنی زمان، گۆشاندنی کۆمایەتی و بەخشینی ئازادی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئازاد و خوڕقاندنی هەلومەرجێ بۆ تێگەیشتن لە خۆ و لە ژیان و دەوری خۆ.

III

شانۆی مندالان

شانۆی مندالان هەموو لایەنەکانی ژوور و دەرەوەی مندا دەگرێتەوە. فۆرم، زمان، بابەت، ناوەرۆک، فانتەزی، هەستوسۆکەوت، داشتن و نواندن، هەمووی دەبێ گەردراوی مندا خۆی بێت. جیهانی مندا تایبەت بە خۆیەتی و دەبێ ئەو دەرفەتەی بە بەرخسێ ئەم جیهانە وەک خۆی نیشان بدات. شانۆی جیهان لەم بەستێندا سەدەکان بە لادا چووە و گەورەکان جیهانی خۆیان و تێگەیشتنی خۆیان لە مندا و جیهانی مندا کردۆتە شانۆ بۆ مندا، کە زەرجار فرەشتنی جیهانی ئیدئۆلۆژیک، هونەریی، فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی ، ئیداریی و حکومەتی و حزبی گەورەکان بووە، نەک مندا . ئەمە بە سەر ئەدەبیات و مۆسیقای منداشیش هاتووە.

IV

مۆسیقای مندالان

مۆسیقای مندا ناوی بە خۆیەوە و دەبێ تەکست، مۆلدی، داشتن، بابەت و ناوەرۆک، گەردراوی ژیان و هەست و ویستی مندا بێ و ئەوەی پێبەخشێ کە مندا خۆی گەرەکیە. گەرەکیەتی بچڕێ، هەڵپەڕێ، فڕێ، خۆش بێ، چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە یان فانتەزی خۆی بنەڕێتە زمان. گرنگی مۆسیقای مندالان لەوەدایە کە زمانی ئاخاوتنی پێش دەخات. لەهاتوویی جولەی لەشی زیاد دەکات، ڕیتم و سیستەمی ڕیتمیک لە مندادا بەهێز دەکات. هەست و حاڵەت و میمیک قووڵتر دەکات، کاری هاوبەش و گشتی و هاوەڵنی پێداکردنی کۆمەڵایەتی وەپێش دەخات و کۆسایەتی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسی مندا و تێگەیشتن لە یەکتر بەهێز دەکات. مۆسیقا تەنیا چێین و گۆگرتن نییە.

V

سیاسەت بە مندا

گەلێک لە ئەمە بە هەڵە لە سیاسەت بە مندا و بڕانبەر مندا تێگەیشتووین. سیاسەت بە مندا هەیە و دەکرێ مندا لە گەڵ سیاسەت ئاشنا بکرێ بە ئەوەی مافی خۆی لە ناو بنەماڵە، باخچەی مندالان، فڕۆگە و کۆمەڵگا بناسێ و بتوانی داوای مافی خۆی بکات و لە هەماهنگیکات پارێزگاریی لە مافی خۆی لە ناو بنەماڵە و دەرەوەی ماڵ بکات. بەڵام لە زەر لە کۆمەڵگاکان مندا کەرەسەن لە دەست بنەماڵە

و دامودەزگای دەوڵەتی، حزبی، دینی و شوێنیتر. لە زەر لە کەمپەگاکان نە منداڵ خۆی دەزانێ مافی چییە نە بنەماڵە و کەمپەگا، تەگەیشتنیان لە منداڵ و مافەکانی هەیە.
لە سەردەمی نازیسم گەلەک منداڵ بە مەبەستی حزبی و حکومەتی، سیاسی و ئیدئۆلۆژیک بە ناوی منداڵانی هیتلەر کە کرابوونەوە بە جیهادکردنی مەبەستی فاشیستی. حکومەتی خومەینی دیان هەزار منداڵی ژێر ١٤ ساڵیان بە ناوی ئیسلام ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراق کرد و وەک کەرەسە بە چوونە سەر مەیدانی مین و کاری تر بەکاریان هێنان و بە کوشت چوون. لە تورکیا منداڵ لە دایک و باب دەستێندرا و ئادەهێندران بە ئۆوی وەک "موعەلیم و کاربەدەست" بگەڕێنەوە کوردستان، بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی توانەدنەوە و ئاسیمیلاسیۆن.
مخابن لە ناو کورد زەر کچ و کوڕی ژێر هەژدە و چاردە ساڵ لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە زەر مەبەستی دینی، ئیدئۆلۆژیک، حزبی، حکومەتی و گرووپی بەکارهێنراون و ئێستاش بەکار دەهێندرێن و جگە لەوە بە ناوی هونەر، مەسیقا، شانۆ و بواری تر منداڵ بە مەبەستی گۆڕکان بەکاردەهێندرێن و تەکستی وا بە ناوی شانۆ، مەسیقا و کاری تر لە دەمی منداڵەوە دێتە دەر ،کە دوورە لە ویست و خواست و مافی ئەوان.
کەمپەگای ئێمە مخابن زەر جار شاگەشکە دەبن بەو دەورەی کە خراوەتە ئێستەی منداڵ. مەدیای حزبی و دەوڵەتی و ناحزبی و سەسیال مەدیا و زەر نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و موعەلیم خەیان گەشگە دەیانگرێ، کاتێک فیلم و ویدیۆی ئەو منداڵان دەبینن کە بە ویست و خواستی گۆڕکان بەکار هێنراون. هەر لەڕەوە داهاتووی زەر لەو منداڵانە وەران دەکرێ.
منداڵێک کە لە سەردەمی منداڵی خۆی وەک منداڵ نەژیابێ، لە ژیانی داهاتوویدا ئاکامەکەی دەبینرێ. سەردەمی منداڵی هەتا کەتایی ژیان، لە گەڵ مرۆڤ دەمێنێ و لەی جیا نابێتەوە و بەردەوام دەور لە ژیانی ئەژانەیدا دەگێڕێ. ئەو منداڵەی ئازاد و بە پەی سرشت و سروشتی خۆی گەورە نەبووبێ، گرفتی کەسایەتی سەردەمی منداڵی، لە هەموو بەستەنەکی ژیانیدا خۆی دەردەخات.

VI

زەر لەو گەورە ساڵانەی ژیانی منداڵیان ئاسایی نەبووێ، هەرچەند هەنگە لەم بوار و لەو بوار سەرکەوتوو بووبێتن و ناو و دەنگیان بووبێ، بەڵام ژیانی پڕ لە پەرەشانی سەردەمی منداڵی، داهاتووی ئەوانی تووشی پەرەشانی کردووە. گەلەک وەنەی بەرچاو لە ئاستی جیهان و کوردستان هەبووە و هەیە، بە تایبەت ئەوە خۆی لە کەسایەتی

سیاسیی کەسانی وەک هیتلەر و ستالین و زۆری تر، دەرخستووە. کەم نین ئەو هونەرمەندانەی لە بواری نەقاشی، مۆسیقا و هونەری تر تووشی ئازیزیی دەروونی و کۆشەی کۆمەڵایەتی بووون. زۆر لەو مندااانەی لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە وەران کراون و تووشی بشێوی و ئالۆزی هاتوون، داهاتووی ناسەقامگیریان پەیدا کردووە و بەشێک لەوان خۆیان لە دەرەوەی کۆمەڵگا دیتەوە و تووشی زیندان و خەکوشتن و حاڵەتی تر هاتوون.

VII

هونەر بە منداڵ گەلێک پێویستە، بەڵام ئەو هونەرمەندانەی لە گەڵ منداڵ کار دەکەن، دەبێ منداڵەکە خۆی بکەنە ناوەندی هونەر، نەک ئەوەی منداڵ بکرێتە کەرەسەی هونەر و ویست و خواستی گەورەکان.
نووسەری ئەم دێڕانە وەک شانۆ پێداگۆگ، وشە و هێستە و ئیدەی خۆی ناخاتە ناو دەم و مێشکی منداڵ، بە پێچەوانەی وشە و هێستە و بابەت و ئیدە لە منداڵ خۆی وەردەگرێ. منداڵ خۆی دەوری سەرەکی لە پڕۆسەی نووسینی شانۆنامە و دەورگێڕاندا دەبینێ، نەک بە پێچەوانەی.
فێربوون ئەوە نییە وەک ،،پلاتۆن،، ئازادی فێربوون و بیرکردنەوە لە خوێندکار وەرگیرێ و مێشکی بکرێتە مجری و سێنووقی فێرکار و موعەلیم و ئوستاد و پرۆفیسەر. فێربوون پرۆسەیە و ئەم پڕۆسەیە لای هەر تاکە کەسێک جیاوازی خۆی هەیە و دەبێ ئەم ئازادییە هەبێ و ئەم پرۆسەیە دوور لە هەر چەشنە فشار و ویستی باڵادەست سەر بگرێ.

پڕۆسەی فێربوون لە لایەن هەر کەس خۆیەوە، بەڵام دەچێ، نەک ئەوەی کەسێک لە سەرەوە وەک دگوترێ فێریان بکات. مرۆڤ چ منداڵ و چ گەورە، خۆی فێر دەبێت و دەبێ هاوکێشەی بکرێت و هەڵومەرج و ئیمکانی بۆ دابین بکرێ، نەک ئەوەی دەنکە نیسک لە پشت ملی دابنرێ و کتێب بخرێتە بەردەستی و پێی بگوترێ: ،، بخوێنە و فێر بە، ئەگەر ئەو دەنکە نیسکە لە پشت ملت بەربێتەوە، دەتکوژم.” ئەوە بە سەر هاوپەڵەکی ئەمە هێندرا. ئەو کەسەی ئاوا فێر دەکرێ، هەم خۆی وەران دەکات و هەم کۆمەڵگا.

VIII

ژیان ئەو کاتە چێژ بە مرۆڤ دەبەخشێ، کە کەس هەر لە منداڵییەوە خۆی بووبێت، نەک کۆپی و دەستکردی ئەم و ئەو و سیستەم و کۆموکا، حکومەت و دامودەزگا. کەم نین ئەو کەسانەی لە خۆیان و ژیانی ڕۆژانە و ئەو کارەی دەیکەن و ئەو شێوە ژیانەی هەیانە، ڕازی نین. ئەوەش تەوفیر ناکات، کەسێک لە ناو قەسر و کاخ دانیشێ. یان لە سەر شەقام.

زۆر جار ئەم پرسیارە لە منداڵ و گەورە و بچووک دارا و نەدار دەکەم کە ،،ئازی لە ژیانت؟،، نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکی ئامانی لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵیدا لە دوا کتێبیدا دەنووسێ:،، ئەگەر تەگەیشتنی ئەستام هەبایە، ڕۆگایەکی دیکەم بە ژیان هەدەبژارد،،.

ئەوانەی من ئەم پرسیارەم لە کردوون زۆربەیان پزیشک، نووسەر، فەرکار(موعەلیم)، دەروونناس، ژنالیست و خاوەن دامودەزگا و شیرکەت یان هونەرمەندی کۆمەگای ئامان بوون. زۆربەیان وەڵامەکەیان ناڕازیبوون لە کار و پیشە و ژیانیان بووە، لە بەر ئەوەی بڕی هەرە زۆریان هەبژاردنی کار و پیشە و خوێندنیان هی خۆیان نەبووە.
لەم ڕۆژانەدا کەسێکی بەناوبانگی وەرزش لە ڕۆگای مەدیاوە دەیگوت: ،، هەموو ئەو میدانەی وەرمگرتوون و لە ملم کراوە، ئازیم ناکات، لە بەر ئەوەی لە ناوەوە پڕڕشانم.،،
بە ئەوەی منداڵەکانمان لە ئەستا و داهاتوو پڕڕشان نەکەین، ڕۆگا بەدین خۆیان بن، نەک ئەوەی ئەمە دەمانەوێ. هەر کام لە ئێمە گەورەکان باشترە خەمان وەامی ئەم پرسیارە بدینەوە، کە چیمان ویستووە، چیمان دەوێ و چیمان کردووە؟

لە بواری هونەر، ئەوە هەڕ و زیانمەندە، قسە و ویست و شیعر و نووسینی گەورەکان، لە زاری منداڵەوە دەربەت، ئەو کۆمەگا و ئەو شوێنە هونەرییەی ئەم کارە دەکەن، ڕۆنگە خۆیان شاگشکە بن بە کارەکەیان، بەڵام ئەوان دەبنە هۆی وەرانکردنی منداڵ بە ناوی هونەر، سیاسەت، ئیدئۆلۆژی، دین، حکومەت، وەات، نەتەوە.

برایم فەقێی
۲/۸/۲۰۲۵

پەرلەمانەکی داماو، بۆ ؟..
دکتۆر نوری تاڵەبانی

دەستوەردانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەکاروباری دامەزراوەو دەزگاکانی هەرەمی کوردستان نکۆی لە ناکرێت.

دەستوەردانی ئەو حیزبانە ئاگەر لەرەگای نوێنەرانیان لەناو ئەو دامەزراوانەدا بووایا ئاسایی بوو و لە وڵاتانی دیموکراسیدا رووەدات، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ئەو دامەزراوانە کە پێویست بوو بەشێوەی دامەزراوەیی کاروباری هاوڵاتیان بڕیوەبەرن بەبە جیاوازی، لای ئەو حیزبانە جیاناکرێنەوە چونکە بایەخدەستە بەسەریاندا. بە سەلماندنی ئەم بڕچوونە لەچوارچێوەی قانوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و پڕڕەوی ناوخۆی ئەو پەرلەمانە دەرناچم.
لە مانگی یەکی 2005 دوو هەڵبژاردن لە عێراق و سێ هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدران، لە شوباتی ئەو ساڵەدا ئاکامەکانیان لەلایەن کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق راگەیاندران. هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یەکەك بوو لەو سێ هەڵبژاردنەو هاوڵاتیانی کوردستان بە گەرمەوە بەشداریان تێداکرد بە هیوای ئەوەی پەرلەمانی تازە هەڵبژێراو دەستبەکاربێت بە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و چاککردنی باری گوزەرانیان، بەڵام کێشەی نەو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بووە هۆی دواخستنی کردنەوەی کەبوونەوەی ئەو پەرلەمانە، ئەوەش سەلماندی کە ئەو دوو حیزبە لە پەرلەمان بەتواناو دەسەڵاتدارترن و دەتوانن ڕێگا لە کەبوونەوەی بگرن، هەتا ئاگەر بەپێی قانوون و لەناو خەڵکدا بە نوێنەری خەڵکی کوردستان پێناسە بکرێت. پاش نزیکەی چوار مانگ ئەوجا پەرلەمانی تازە هەڵبژێراوی کوردستان توانی کەبەتەوە، ئەو چوار مانگە بە ئەو دەمەی عێراق پێیدا تێدەپەڕی لە چوار ساڵی ئێستا بە کورد لەبارتربوو بە چەسپاندنی داواکارییەکانی لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتە کە بە قۆناغی دامەزراندنا تێدەپەڕی. پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی وەرگرتبوو، چونکە بە پێی قانوونێکی عێراقی لەلایەن دەزگایەکی عێراقی نێودەوڵەتییەوە هەڵبژێرابوو، بۆیە دەیتوانی بەبە کەسپی قانوونی بریارو قانوون دەربکات بە پتەوکردنی ئەو قۆناغە سیاسیەی لە هەرێمی کوردستان دەمەك بوو هەبوو. بە پێچەوانەوە، حکومەتی عێراق و پەرلەمانەکەی، لەبەر باری نائەمنی و شەروشۆرو کوشتن لەبەشی زۆری ناوچەکانی عێراقدا کەم دەسەڵات بوون، بەشی زۆری هێزە سیاسیەکانی عێراقی بەشداربوون لە شەرو پێکدادانا، حوکمی قانوون لەو ناوچانەدا جارێ جێگیر نەبووبوو. ڕێگەدان بە کردنەوەی پەرلەمانی کوردستان بووە هۆی ئەوە هەڵەکی باش لەدەست کورد بچێت، ناکۆکی نێوان ئەو دوو حیزبە بەهۆی دەستوەردانیان لە کاروباری پەرلەمان بووە هۆی دواخستنی کەبوونەوەی ئەو دامەزراوە سەرکییەی کوردستان. لەماوەی ئەو چوار مانگەدا تەنیا (3) پەرلەمانتاری هەڵبژێراو چوونە

بەردەم باڵەخانەی پەرلەمان بە نارەزایی دەربڕین، لەو ماوەدا دوو کەسوونەوە ئەنجامدەران بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لەو پەرلەمانتارانەی بە مەبەستی هەوەستە وەرگرتن بوو، بەڵام لە کۆتاییدا هەر ئەو سێ پەرلەمانتارە چوونە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمان.

لە سەرەتای حوزەیرانی 2006دا بەهەی تێپەربوونی ساڵێك بەسەر دەستبەکاربوونی پەرلەمانی کۆسوونەوەکی داخراو سازکرا بە هەڵسەنگاندنی کارەکانی لەو ماوەدا، لەگەڵ هەوەدان بە دیاریکردنی شێوەی ئەنجامدانیان، ئایا پەرلەمان بە پێی پێرەوی ناوخۆی کارەکانی ئەنجامداوە، یان پێشێلی ئەو پێرەوەی کردووە؟ لەڕەدا باس لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەکرێت چونکە ئەرکەکانی پەرلەمان و چۆنێتی ئەنجامدانیان لەوەدا دیاری کراون، لادان لەو پێرەوە لادانبوو لەو قانوونە. ئەو پرسیارە دەبوو بە نهێنی ئەنجام بدرێت، بەڵام بەو شێوەیە نەکرا. پەرگرافی یەکەمی مادەی (14)ی ئەو پێرەوە چۆنێتی ئەنجامدانی ئەو پرسەی دیاری کردووە، "هەر ئەندامێکی ئامادەبوو لە دانیشتنەکە کاغزێکی مەرکراو بە مەری ئەنجومەنی پێدەدرێ و ناوی ئەو ئەندامانەی لەسەر دەنووسێ کە ئارەزوو دەکا بۆ هەرکام لە پایەکانی دەستەی هەڵیانبژێراو". ئەگەر پەرلەمان رەز لەو قانوونە نەگرێت کە خۆی پەسەندی کردبوون چۆن دەتوانێ داوا لە وەزارەت و دەزگاکان و هاوەاتیان بکات رەز لە قانوون بگرن؟ سەروەری قانوون هەر دروشمێکی سیاسی نییە، بەڵکو پرەنسیپێکی دەستووری و قانوونیە پێویستە هەموو کەس و لایەنێك رەزی لێبگرێ، لەسەروی هەمووانەوە پەرلەمان. لەو رەژانەدا باس لە هەڵبژاردنی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عەراق دەکرا بەهەی دەست لەکارکێشانەوەی سەرکی پێشووی لە پێستەکەی. ئەو پرسیارە لە ساڵی 2005 و ئێستاش بەپێی پێرەوی ناوخۆی ئەو ئەنجومەنە ئەنجامدەرێت. پێشترو ئێستاش چەند کەسێك خەیان بە ئەو پێستە کاندیدکردبوو، ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بە نهێنی دەنگیان بە دەدەن، بەڵام هەڵبژاردنی دەستەی سەرکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا کۆتایی پێهات، بە ئەوەی سیمایەکی هەڵبَژاردنی پێوە دیاربێت، چونکە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ماوەیەك پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان سەرکیان دیاری کردبوون.

بەرەوبردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان پێویستە بەپێی پێرەوی ناوخۆ بەرەوبچن، بەڵام زەر جاران بەو شێوە نەبووە. بە نموونە بەپێی پەرگرافی یەکەمی ماددەی (20)ی پێرەوی ناوخۆ، "دانانی بەرنامەی کاری هەریەکە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەگەڵ ئەو پێرَەو پێشنیازو راپێرتانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بەڵانی کەمەوە پێش

دوو رۆژ لە بەستنی ئینجومەن بە ئەندامانی پەرلەمان دەبە رابگەیەندرێ"، ئەم پەرگرافە کەم جار کاری پێکراوە. کەبوونەوکانی پەرلەمان بەپێی مادەی (51)ی پەروی ناوخۆ دەبە لێکاتی دەستنیشانکراودا ئەنجامبدرێن، بەڵام زۆر جاران ئەندامانی دەستەی سەرکایەتی سەعاتێك یان زیاتر لەو ماوە ئەوجا هاتوونەتە ناو هۆڵی پەرلەمان. چەند جارێك ئەو "گلەییە" لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکەوە لە دەستەی سەرکایەتی کراوە. سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوبردنی کەبوونەوکانی پەرلەمان، دەستەی سەرکایەتی دەبوو ریگا بە ئەندامان بدات بیرورای خۆیان ئازادانە دەربڕن، بەڵام چەند جارێك ریگا بە چەند ئەندامێك نەدراوە راو سەرنجی خۆیان دەربڕن، بە تایبەتی لە کاتی ئامادەبوونی میوانانی بیانی، یان لێکاتی گوفتوگۆکردن لەسەر چەند بابەتێکی زۆر گرنگ، بەڵام سەرکی پەرلەمان لە بەشی زۆری دانیشتنەکاندا راوسەرنج و"رووبەرووبونەوەی"خۆی دەردەبڕێ و بە ئاڕزووی خۆی قسەی کردووە، کەنووسی کەبوونەوکانی پەرلەمان، کە بەهۆی بە " پرتەکەلەکان" ناودەبرێن ئەو راستیە دەسەلمێنن.

ئەرکی سەرکی پەرلەمان تاوتوێکردنی پڕۆژەی ئەو قانوونانەیە دەخرێنە بەردەمی بەمەبەستی پەسەندکردنیان، لەگەڵ لێپێچینەوە لە ئەدای حکومەت و وەزارەت و چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو بودجەی ساڵانە بەقانوون پەسەند دەکرێن. پرسەی تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی بودجە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە، بەیە پەرلەمان ساڵانە لێپێچینەوە لەگەڵ حکومەت و وەزارەتکان دەکات تا بزانێ چەند لەو کارو پڕۆژانەی لە بودجەدا پارێیان بە تەرخان کراوە جێبەجێ کراون و بە چ شێوەیەك سەرفکراون. لە ناوەراستی ساڵی 2007 پڕۆژەی قانوونی بودجەی هەرێمی کوردستان خرایە بەردەم پەرلەمان، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك لەو ساڵە گوفتوگۆی جیددی لەسەر نەکرا، پڕۆژەی قانوونی بودجەی ئەو ساڵە بە پێێ پەسەندکرا. پەرلەمان لەو قانوونەدا چەند ئاسپاردەیەکی چەسپاند تێیدا داوا لە حکومەت کرابوو بودجەی ساڵی 2008 لە مانگی یانزەی 2007دا ئامادەبکات و هاوونی و شەفافیەتی تێدابێت. ئاسپاردەیەکی دیکەی پەرلەمان تایبەت بوو بە یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەی یەك نەخرابوون. لە یەکەم کەبوونەوەی پەرلەمان بە تاوتوێکردنی پڕۆژەی قانوونی بودجەی ساڵی 2008 چەند پرسیارێك لە نوێنەری حکومەت و هەردوو وەزیری داریی کران دەربارەی هۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو ئاسپاردانە. دەستەی سەرکایەتی پەرلەمان تەنیا دوو دەقیقە مافی قسەکردنی بە ئەندامان دا بە دەربڕینی ئاو بڕچوونیان. هۆبەتە لەو ماوە کورتەدا کەسێك ناتوانێ ئاو سەرنجی خۆی لەبارەی پڕۆژە قانوونێکی گرنگی وەك بودجە

دەربڕێ، کە بەقەد پرسیی متمانەدان بە حکومەت گرنگی هەیە. چەند پەرلەمانتارێك داوایان لە سەرکایەتی پەرلەمان کرد وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئامادەبن لە کاتی تاوتوێکردنی بودجەی وەزارەتەکانیان، چەند پەرلەمانتارێکی دیکە داوای ڕوونکردنەوەیان کرد دەربارەی یەك نەخستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە، کە دەبوو لەکۆتایی ساڵی 2007 یەکبگرنەوە. لە موداخەلەکەدا وتم ئەو سێ وەزیرەی ئامادەی کابووناوەی ئەو ڕۆژە بوون (23 نیسانی 2008) ئەوان و حکومەتیش ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، چونکە بەیاری یەکخستنەوەی ئەو چەند وەزارەتە لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە، ئەوە لە دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبی سەرکی دایە. هەموو دەزانین چەندین کابووناوە بە ئەو مەبەستە ئەنجامدراون، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونەتە دوا بڕیار. بە داخەوە واقیع و قانوون لە وەاتی ئەمەدا دوو شتی جیاوازن، بەپێی قانوون یەکخستنەوەی ئەو چەند وەزارەتە دەبوو بە هەماهەنگی لەنێو حکومەت و پەرلەماندا بڕیاری لەسەربدرێت. لەم سێ ساڵەدا ئەو کارە ئەنجام نەدراوە، ئەوەش کەم دەسەڵاتیی پەرلەمانی کوردستان دەردەخات. لە کاتی تاوتوێکردنی بودجەی وەزارەتەکان دەبوو وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئامادەبن تاکو پەرلەمان ئاگادار بکەنەوە لە ئاوبەچوونیان دەربارەی ئەو بڕە پارەی بە وەزارەتەکانیان تەرخانکراوە. بەشی زۆری وەزارەتەکان داوای تەرخانکردنی پارەی زیاتریان کردبوو، بەڵام لەلایەن هەردوو وەزارەتیی داریێوە کەمکرابوونەوە. ئەو وەزیرانە ئەگەر لە پەرلەماندا ئامادەبوونایا دەیانتوانی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بدەنەوە، بە بەچوونی دەستەی سەرکایەتی پەرلەمان پێویی ناوخۆی پەرلەمان هەر وەزیری دارایی ناچار دەکات بە ئامادەبوون لەکاتی تاوتوێکردنی پرۆژەی قانوونی بودجەدا. لەو کابووناوەدا دوو پرسیارم ئاراستەی هەردوو وەزیری دارایی کرد دەربارەی بودجەی وەزارەتەکانیان، یەکەمیان، ئایا بوونی ئەو دوو وەزارەتە لەووی قانوونی و واقیعەوە ئەوە ناگەنێ، کە ئەو پارەی بە بودجەی هەرێم دەستنیشانکراوە دابەش دەکرێت لەنێو ئەو دوو وەزارەتەدا؟ ئایا دەکرێ ئاگاداری پەرلەمان بکەنەوە لە شێوازی ئەو دابەشکردنەدا؟ ئایا وەك جاران کە دوو ئیدارە هەبوو بەهەمان ڕۆژ دابەش نەکراوە؟ پرسیاری دووەمم دەربارەی چۆنیەتی یەکخستنەوەی ئەو (دوو) وەزارەتە بوو لە ئایندەدا، ئایا میکانیزمی یەکخستنەوەیان لەئێستاوە دیاری کراوە؟ داوایەکی دیکەی لیژنەکانی پەرلەمان و چەند پەرلەمانتارێك وەك ئاسپاردە لە قانوونی بودجەی 2008دا چەسپێندرابوو پەیوەندیان بەو بڕە پارەیەوە هەبوو بریاربوو لە بودجەی تەواکەری (تەکمیلی) لە مانگی حوزەیرانی 2008دا حکومەتی

بەغدا بیداتە حکومەتی هەرێم بە ڕێژەی 17% و بخرێتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان. ئەو ڕاسپاردانە هەموویان تا ئێستا جێبەجێ نەکراون. ڕاسپاردەی پەرلەمان بە پەسەندکردنی بودجەی ساڵی 2009 پێش کۆتایی ساڵی 2008، ئەویش تا ئێستا ئەنجامنەدراوە. ئەمانە چەند نموونەیەکن، دەتوانین نموونەی دیکە بخەینە بەرچاو سەبارەت بەکاری لێژنەکان، بە تایبەتی لێژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە بەشی زۆری کارەکانی بەشەوەکی قانوونی ئەنجام نەداوەو پرۆژەکەش تا ئێستا بەاونەکراوەتەوە، باس لەوە دەکرێت لەم نزیکانە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بە پەسەندکردنی بە ئەوەی مافی ئەوەی هەبە لێی بکەێتەوە.

دکتەر نوری تاەبانی

-_____

ئەم بابەتە لە ەێژنامەی (ڕۆژنامە) ژمارەی (391)ی یەکشەممەی 25-01-2009 بەاوکراوەتەوە، بەەام لەبەر ئەوەی ئێستاش هەرێمی کوردستان بەم بارودۆخدا تێپەڕدەبێت بۆیە پێم باش بوو دووبارە بەاوی بکەینەوە.